IOM UN MIGRATION

GLOBAL DATA INSTITUTE
DISPLACEMENT TRACKING MATRIX

# هەڵسەنگاندنی خراپی کەش و هەوا لە هەرێمی کوردستانی عێراق

ماوەی کۆکردنەوەی داتا: ئەیلول – کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣



٢٤ی حوزەیران

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ئاژانسی کۆچ-ی نەتەوە یەکگرتووەکانە و پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنیا مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەبوون (Displacement Tracking Matrix/ DTM) دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن.

هەموو نەخشەکانی ناو ڕاپۆرتەکە تەنا بۆ مەبەستی دەرخستنن. ناو و سنوورەکانی سەر نەخشەکان بە مانای پشتگیری یان قبوڵکردنی فەرمی لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچەوە نییە.

ئەم بڵاوکرایەوە بەبێ ئەنجامدانی پێداچوونەوەی فەرمی لەلایەن ڕێکخراوە IOM-ەوە بڵاوکرایەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ڕەزامەندی بەشی بڵاوکراوە و پلاتفۆڕمەکان (PUB)ی ڕێکخراوی IOM، کە تایبەتمەندە پابەندبوون و پێگیریکردن بە شێواز و ستایلە ستانداردەکانی ڕێکخراوەکە، بڵاوکرایەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)
ناونیشان: کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغداد/عێراق
ئیمێل: iomiraq@iom.int
ماڵپەڕ: iraq.iom.int

کاتێک ئەم ڕاپۆرتە و داتا و زانیارییەکانی ناوی بەکاردێت، پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەرچاوە بکرێت: 'International Organization for Migration (IOM), June 2024. Climate Vulnerability Assessment in the Kurdistan Region of Iraq. IOM, Iraq.' "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)، حوزەیرانی ٢٠٢٤. هەڵسەنگاندنی خراپی کەش و هەوا لە هەرێمی کوردستان یعێراق. ڕێکخراوی IOM، عێراق."

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەرج و پێویستییەکانی کار و بەرهەمەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون – DTM، تکایە بڕوانە ئەم لینکە: https://dtm.iom.int/terms-and-conditions

لە کۆتایی وەرزی پایزدا لەسەر زنجیرە چیاکانی پارێزگای هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق هەور دروستدەبێت. © ٢٠٢٢/ ڕابەر عەزیز

ڕێکخـــراوی نێودەوڵــەتی کــۆچ (IOM) ٢٠٢٤

هەموو مافێکی پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

# پێرست


پێشەکی ٢

ڕێباز و میتۆد ٢

دەرئەنجامە سەرەکییەکان ٤

دۆخ و ڕەوشەکە ٥

ڕاگواستن / شوێنگۆڕین ٨

مەترسییە ژینگەییەکان ٩

دەستڕاگەیشتن بە ئاو ٠١

کار و کاسبی بژێوی ژیان ٢١

ستراتیژیەتەکانی خۆگونجان و ڕووبەڕووبوونەوە ٦١

گرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی و ململانێ ٧١

ڕاسپاردەکان و بوار و لایەنەکانی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی زیاتر ٧١

# پێشەکی

لە ئێستادا عێراق ڕووبەڕووی ژمارەیەک ئاستەنگ و ئاڵنگاری جۆراوجۆر دەبێتەوە کە پەیوەستن بە گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگەوە، لەوانەش: بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما،[١] گۆڕانی شێوازی بارانبارین،[٢] وشکەساڵی بەهێزتر،[٣] زیاتربوونی کەمئاوی[٤] و خۆڵبارینی زیاتر.[٥] ئەم کێشە و گرفتانە بەهۆی سیاسەتی ئیدارەدانی ئاوەوە خراپتر دەبن لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دا، ژێرخانی ئاو یان کێشەی هەیە یان بەپێی پێویست نییە، گەشەی دانیشتووان، زیادبوونی خواست لەسەر ئاو و شێوازەکانی ئاودێری.[٦،٧،٨] لەگەڵ ئەوەی تادێت ئەم بابەتە سەرنجی زیاتری دەکەوێتە سەر،[٩،١٠] نەبوونی داتا و شیکاری تایبەتمەند لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق ڕێگری لە تێگەیشتن لە ئاستەنگ و ئالنگارییە تایبەتەکانی بەردەم هەرێمەکە کردووە، سەرەڕای هەبوونی کەشوهەوای و تۆپۆگرافیایەکی جیاواز بە بەراورد بە ناوەڕاست و باشوری عێراق.[١١] بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنی هەرێمی کوردستانی عێراق بە کشتوکاڵی دێمی و ئاوی باران،[١٢] گۆڕانی شێوازەکانی بارانبارین کە پەیوەندییان بە گۆڕانی کەشوهەوا هەیە، توانای جووتیاران، ئاژەڵدار و ماسیگرەکان دەخاتە مەترسییەوە بۆ بەردەوامبوونی بژێوی ژیانیان.[١٣،١٤] ڕەنگە کەمبونەوەی ئاستی دابارین کاریگەری بکاتە سەرکەمبوونەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و ببێـەهۆی دروستبوونی زیانی ئابوری و ناچارکردنی هەندێک خێزان بۆ وازهێنان لەم کاروپیشە و بژێوییانە.[١٥] بەمەبەستی پڕکردنەوەی کە بۆشاییەی لە زانیارییەکان هەیە بە هەبوونی داتا و زانیاری پاڵپشتیکەر لە داڕاشتنی پرۆگرام، بەشی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (Displacement Tracking Matrix - (DTM ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق هەڵسەنگاندنێکی فرە کەرتی بەپەلەی ئەنجامداوە بۆ ئەو زەحمەتی و ئاڵنگاریانەی کە پەیوەستن بە ئاوارەبوون، مەترسییە ژینگەییەکان، دابینکردنی ئاوی ئاودێری، بژێوی ژیان، ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە و دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی و ململانێ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان. کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە لە نێوان ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، لە٨٠٤ شوێن لە سەرانسەری ٣ پارێزگا، ٢٠ قەزا و ٧١ ناحییە/شارەدێی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدرا.

# ڕێباز و میتۆد

داتا و زانیارییەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە لە چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەرانی سەرەکی (KI) وەرگیراون کە لەلایەن تیمەکانی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی خێرا (RARTs)ی سەر بەڕێکخراوی IOM ئەنجامدراون، کە لە سەرانسەری عێراقدا هەن (٢٠٪ی تێبینی وەرگرەکان لە ڕەگەزی مێن). تیمەکانی (RART)ی ڕێکخراوی IOM زانیاری کۆدەکەنەوە بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕێکی گەورە و باش دامەزراو لە زانیاریدەرانی سەرەکی، لەوانەش سەرکردەکانی کۆمەڵگە، موختارەکان،[١٦] دەسەڵاتی خۆجێی و هێزی ئەمنی (٩٠٪ی زانیاریدەرە سەرەکییەکان لە ڕەگەزی نێرن).

هێڵی بنەڕەتی بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە لە لیستی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت.[١٧] داتا و زانیارییەکان لەسەر ئاستی شوێنانێک کۆدەکرێنەوە کە هاوتای گوندێکە لە ناوچەی لادێی و هاوتای گەڕەکێکە لە ناوچەی شارییەکان (بە مانایەکی دیکە، ئاستی چوارەمی یەکەی ئیداری بەپێی دابەشبوونی فەرمی). ئەو شوێنانەی کە هەڵسەنگێندراون بریتین لەو شوێنانەی کە میوانداری ئاوارە ناوخۆییەکان (ئاوارەکان) و گەڕاوەکان دەکەن کە بەهۆی قەیرانی ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٧ لەگەڵ هاتنی (داعش)ەوە ئاوارە بوون.

ڕاپرسی بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە لەم ڕاپۆرتە وەرگیراوە، (پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون لە عێراق بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە: هەڵسەنگاندنی خراپی کەش و هەوا) کە ئەم ڕاپۆرتە لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بڵاوکرایەوە، (لێرە بەدواوە ئەم ڕاپۆرتە بە Climate Vulnerability Assessment (CVA) لە ناوەڕاست و باشوری عێراق ئاماژەی پێدەکرێت).[١٨] ناوەڕاست و باشوری عێراق هەموو ئەو شوێنانە لەخۆ دەگرێت کە ئاوارەبوون تیایاندا بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا تۆمارکراوە، بەهەمان شێوەی کە لە ئامرازی چاودێریکردنی بەشی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOM پێوانە کراوە.[١٩] هەموو ئەو شوێنانەی کە مەرجەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوایان تێدایە لە ناوەڕاست و باشوری عێراق هەبوون و بەدیکران. ڕاپرسیەکەی ڕاپۆرتی CVAی ناوەڕاست و باشوری عێراق کۆمەڵێک تەوەر و بابەتی بەرفراوانی لەخۆگرتبوو، لەوانەش: مەترسییە ژینگەییەکان، دەستڕاگەیشتن

١ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ٢٠٠٤، تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی عێراق ١-٢ پلەی سەدی بەرزبووەتەوە. گروپی بانکی نێودەوڵەتی، عێراق: دەستنیشانکردنی سیستماتیکی وڵات (n.p.، ٢٠١٧).

٢ پێشبینیدەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ بارانبارین بە ڕێژەی ٢٥٪ کەمبێتەوە. تیۆدۆر کاراسیک و جاکۆپۆ سپێزیا دیپرێتۆ، 'گۆڕانی کەشوهەوا سیاسەتی ئاڵۆزی ئاوی عێراق خراپتر دەکات،' دیپلۆماسیەتی کەشوهەوا (بەرلین، ٢٠١٩).

٣ بە پشتبەستن بە پێرستی فشاری ئاو لە پەیمانگای سەرچاوە جیهانییەکان، عێراق ئاستی فشاری کەمئاوی بنەڕەتی 'زۆر بەرز'ی هەیە. سامانتا کوزمان و هاوکارانی، '٢٥ وڵات، کە چارەکێکی دانیشتووانیان ڕووبەڕووی فشاری کەمئاوی زۆر بەرز دەبنەوە،' پەیمانگای سەرچاوە جیهانییەکان (n.p. ٢٠٢٣).

٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥ تیمی گشتی عێراق-ی نەتەوە یەکگرتووەکان، شیکاری هاوبەش و بەشی سیاسەت، لاپەڕەی ڕاستییەکانی و تۆز و خۆڵبارین (بەغدا، ٢٠١٣).

٦ ئاوی خواردنەوە و پاکوخاوێن و ئاوی ئاودێری عێراق نزیکەی بە تەواوی لە ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتەوە دێن. پێشبینیدەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٠، تەوژمی ئاو لەم ڕووبارانەدا بە ڕێژەی لەسەدا ٥٠ دابەزێت، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەنجامی شێوازی ئیدارەدانی ئاو لە وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێرانە. پیتەر-جان دۆکس، کەمی ئاو لە عێراق: لە شەڕ و ململانێی نێوان هۆزەکانەوە بۆ ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، پەیمانگای توێژینەوەکانی شەڕ و ئاشتی (n.p. ٢٠١٩).

٧ تۆبیاس ڤۆن لۆسۆ، زیاتر لە ژێرخانەکان: زەحمەتی و ئاڵنگاری ئاو لە عێراق، دەستپێشخەری ئاسایشی هەسارەیی و پەیمانگای کلینجێندەل (n.p.، ٢٠١٨).

٨ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق: هەڵسەنگاندنی خراپی کەشوهەوا (بەغدا، ٢٠٢٣).

٩ بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)، 'گۆڕانی کەشوهەوا گەورەترین هەڕەشەیە کە عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام هیوا هەیە شتەکان بگۆڕێت' (پۆستی بلۆگ)، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (نیویۆرک، ٢٠٢٤).

١٠ وینتروپ ڕۆدجێرز، 'شاناگە و لانکەی شارستانیەت وشک دەبێت'، سیاسەتی دەرەوە (واشنتۆن دی.سی.، ٢٠٢٣).

١١ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان، چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی، بوژانەوە و کەمکردنەوە و دیزاینی پڕۆژەی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان (بەغدا، ٢٠١١).

١٢ ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO)، نوێکردنەوەی سیستەمی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی جیهانی لەسەر خۆراک و کشتوکاڵ (GIEWS) – کۆماری عێراق – وشکەساڵی لە بەشەکانی باکوری وڵات (بەغدا، ٢٠٢١).

١٣ هایلو ڕێگاس بێدان و هاوکارانی. کاریگەری گۆڕانی شێوازی بارانبارین و بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لەسەر زەویە قوڕین و وشکەکان لە بەرزاییەکانی ناوەڕاستی ئەسیوپیا، توێژینەوەی سیستەمی ژینگەیی، ١١:٢٦ (n.p.، ٢٠٢٢).

١٤ بە سەرنجدان بە مێژووی پشتگوێخستنی ئاوی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان، جووتیاران بە هەمان شێوەی ئەوانەی ناوەڕاست و باشوری عێراق لە دەوری ڕووبار و چەمەکاندا کۆنەبوونەتەوە. لە ئەنجامدا، ڕەنگە کێڵگەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نزیک ڕووبار و چەمەکان نەبن و لە نزیکیان هەڵنەکەون، بۆیە، ئاستەنگ لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی تری ئاوی ئاودێری جێگەی دەگرێتەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شەوکەت، پسپۆڕی کۆچ و ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، بەغدا، ٢ی ئاياری ٢٠٢٤.

١٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق: هەڵسەنگاندنی خراپی کەشوهەوا (بەغدا، ٢٠٢٣).

١٦ بەرپرسی حکومەتی خۆجێی یان بەرپرسی شارۆچکەیەک. مێریام وێبستەر، 'موختار،' مێریام-وێبستەر (n.d. ٢٠٢٤).

١٧ ڕێکخراوی IOM، ڕێباز و میتۆدی لیستی سەرەکی (بەغدا، n.d.).

١٨ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق: هەڵسەنگاندنی خراپی کەشوهەوا (بەغدا، ٢٠٢٤).

١٩ دەتوانرێت هەموو ڕاپۆرتەکانی ئاوارەبوونی بەهۆی کەشوهەوای بەشی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون- IOM-ی ڕێکخراوی DTM لێرەدا بدۆزرێنەوە.

بە ئاو، خزمەتگوزاری و ژێرخانی، بژێوی ژیان، ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە و گرژی و ئاڵۆزی و ململانێ. ڕاپرسی ڕاپۆرتی CVA لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشاندەری ڤێرژن و وەشانێکی کورتکراوەیە، کە سوود لە تێڕوانینە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتی CVAی ناوەڕاست و باشوری عێراق وەردەگرێت بەڵام لەگەڵ ڕەوش و دۆخی هەرێمی کوردستان گونجێندراوە. بە سەرنجدان بەم جیاوازییە میتۆدۆلۆژییانە لەنێوان ڕاپۆرتی ناوەڕاست و باشوری عێراق لەگەڵ ڕاپۆرتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی سەبارەت بە دیاریکردنی شوێن، ناتوانرێت ڕاستەوخۆ دوو هەڵسەنگاندنەکە بەراورد بکرێن.

کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە نێوان مانگەکانی ئەیلول و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ لە ٨٠٤ شوێن لە سەرانسەری ٣ پارێزگا، ٢٠ قەزا و ٧١ ناحییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجامدرا. لەو ٨٠٤ شوێنە، لەسەدا ٥٣ لە پارێزگای سلێمانی و لەسەدا ٢٨ لە پارێزگای هەولێر و لەسەدا ٢٠ لە پارێزگای دهۆکن. تۆزێک کەمتر لە یەک لەسەر سێی ئەو شوێنانەی کە هەڵسەنگێندراون گوندنشینن و ناوچەی گوندین (٣٠٪)، لە کاتێکدا پشکی دیکە یان شارەکانن (٦٩٪) یان دەوروبەری شارەکان (١٪). پارێزگای دهۆک پشکی زیاتری لە شوێنە گوندنشینەکانی هەڵسەنگێندراو (٤٦٪)ی هەبووە بە بەراورد بە هەولێر (٢٧٪) یان سلێمانی (٢٥٪). لەسەر ئاستی قەزاکان، قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر، قەزاکانی ئامێدی و سێمێل لە پارێزگای دهۆک و قەزاکانی دۆکان و شارباژێڕ لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەیەکی تاڕادەیەک زیاتری شوێنە گوندنشینەکانیان لە هەڵسەنگاندنەکە دا هەبووە.

## ئاڵنگارییەکان و سنوور و مەوداکان

بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەکان لە چوارچێوەیەکی کورت و بە تێچووێکی کەم هەڵسەنگێندرێن، بەشی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون DTM  لە کار و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی سوودی وەرگرت لەو داتا و زانیارییانەی کە بەردەستن لەسەر بابەتی ئاوارەبوون بەهۆی شەڕ و ململانێیەوە، هەروەها لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان ڕاپرسییەکی کورتیش لەخۆگرت کە تیایدا تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە لەسەر خێزانەکان لەو شوێنانەدا. دەرئەنجام، لیستی ئەو شوێنانەی کە هەڵسەنگێندراون لەلایەن پێوەرە ژینگەییەکانەوە ئاگادار نەکراونەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان خاوەندارێتی زەوی و کاری کشتوکاڵی، ڕەنگە دانیشتوانی ئاوارە کەمتر ڕۆڵیان هەبێت و کەمتر کار و کاسبیەکی بژێوی هەستیاریان بە کەشوهەوا هەبێت، بە بەراورد بەوانەی کە هەرگیز ئاوارە نەبوون. سەرەڕای ئەوەش، بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی گەڕی ٢٠ی پێرستی گەڕانەوە[20] و گەڕی ٨ی پێرسیتی ئاوارەبوون،[21] زۆربەی ئەو شوێنانەی هەڵسەنگێندراون (٧٠٪) لەڕووی سەختی و دژوارییەوە ئاستی دۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ئاستێکی نزم دایە، تەنیا لەسەدا ٣٠ لەڕووی سەختی و دژوارییەوە ئاستی دۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ئاستێکی بەرز دایە. بە سەرنجدان بە ڕۆڵی لاوازییەکانی پێشوەختە لە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە،[22] پێشبینیدەکرێت ئەو شوێنانەی لەڕووی سەختی و دژوارییەوە ئاستی دۆخی ژیان و گوزەرانیان لە ئاستێکی نزم دایە زیاتر خۆڕاگر بن بەرانبەر بەم دیاردانە. لە ئەنجامدا، ڕەنگە هەڵسەنگاندنەکە زۆرترین شوێنە زیانلێکەوتووەکانی لەخۆ نەگرتبێت و بۆیە دەکرێت کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق بە ئاستێکی کەمەوە باسکردبێت  و لە ڕاستیدا کاریگەرییەکان زیاتربن لەوەی کە ئەم هەڵسەنگاندنە لەخۆی گرتبووە. هەربۆیە، پێویستە ئەم پرۆژەیە بە تاقیکاری و دەستپێک دابنرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی کار و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە داهاتوودا.

سەرەڕای ئەوەش، هەموو زانیارییەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە لە ئاستی شوێندا کۆکرانەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەرانی سەرەکی کراوە سەبارەت بەو بارودۆخانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە شوێنەکانی ئاوارەبوون یان لە شوێنەکانی گەڕانەوە لەنێو ئەو کەسانەی کە بەهۆی قەیرانی ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٧ی داعشەوە شوێنی زێدی خۆیان بەجێهێشتووە. لە کاتێکدا ئەم ڕێبازە وادەکات لە ماوەی کورتدا ڕووماڵکردنی بەرفراوان ئەنجامبدەیت، زۆرجار پشت بە یەک زانیاریدەر دەبەستێت بۆ هەر شوێنێک. ئەم زانیاریدەرە سەرەکییەش بە شێوەیەکی گشتی و بەزۆری موختار و نوێنەرانی کۆمەڵگە یان ئەنجومەنی خۆجێین کە ڕاپۆرت لەسەر بۆچوون و ئەزموونەکانی ژمارەیەکی زیاتری دانیشتووانی هەمەچەشن دەدەن، کە لەوانەیە ئەم جۆرە زانیاری وەرگرتنە ببێتە هۆی نوێنەرایەتیکردنێکی سنووردار بۆ گروپ و چین و توێژە بچووکەکان کە تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە، یان جیاکارییان بەرانبەر هەیە کە بەهۆی لایەنگریی خواستی کۆمەڵایەتییەوە و لەگەڵ ئەو نوێنەرایەتیکردنە کۆکنین. سەرەڕای ئەوە، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خێزان و بنەماڵەکان لەوانەش نیشاندەری کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافی (واتە ژمارەی ئەندامانی خێزان) و هۆکارەکانی لاوازی و کەمدەرامەتی (واتە ڕەگەزی سەرۆکی خێزان یان ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی کە لەنێو ئەو خێزانەدا دەژین) لە کۆمەڵە داتاکاندا -داتا سێتەکان دا حسابیان بۆ نەکراوە و لە بەرچاو نەگیراون.

ئاڵنگاری و زەحمەتییەکی تایبەتی کۆکردنەوە داتا و زانیارییەکان لەسەر ئاستی شوێن سەبارەت بە نیشاندەرەکانی کەشوهەوا بریتییە لە ئاڵۆزی گۆڕاوەکان (بۆ نموونە، چەمکی تێکچوونی خاک/خراپبوونی خاک) و کەسیی بوونی تێڕوانینەکان سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا (بۆ نموونە، گۆڕانکارییە ناوەرزییەکانی پلەکانی گەرما). سەرەڕای ئەوە، ئەو وەرزەی کە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی تێیدا ئەنجامدرا (زستان)، لەگەڵ بەندبوون بە کاتی (تایبەتمەندبوون بە کاتێکی دیاریکراو) هەندێک پرسیار کە لە زانیاریدەرانی سەرەکی کراون، ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ئەو دەرئەنجام و کاریگەرییانە هەبووبێت کە سەرەنج دراون


.

٢٠ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق – کۆمەڵەی داتاکانی گەڕی ٢٠ی پێرستی گەڕانەوە (بەغدا، ٢٠٢٤).

٢١ IOM تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی (IOM) لە عێراق –گەڕی ٨ی پێرستی ئاوارەبوون (بەغدا، ٢٠٢٤).

٢٢ عومەر-داریۆ کاردۆنا و هاوکارانی، دیارخەرانی مەترسی: بەرکەوتن و بەرگەنەگرتن. لە: ئیدارەدانی مەترسی ڕووداوەکان و کارەساتە سەختەکان بۆ پێشخستنی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا (کریستۆفەر بی. فیڵد و هاوکارانی) ڕاپۆرتێکی تایبەتی گروپەکانی کارکردنی یەکەم و دووەمی پانێڵی نێوان حکومەتەکان لەمەڕ گۆڕانی کەشوهەوا (IPCC). چاپخانەی زانکۆی کامبریج، (کامبریج و نیویۆرک، ٢٠١٢).

نەخشەی ١: شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق




# دەرئەنجامە سەرەکییەکان

کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستانی عێراق کەمتر بەرچاوە و زیاتر خۆجێییە بە بەراورد بە ناوەڕاست و باشوری عێراق.[٢٣] هیچ ئاوارەبوونێک، ئاوارەبوونی لاوەکی یان گەڕانەوەی شکستخواردوو لە هەرێمی کوردستان لەم خولەدا تۆمار نەکراوە. سەرەڕای ئەوەش، مەترسییە ژینگەییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە تۆز و خۆڵبارین بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا خۆیان دەبیننەوە. تۆز و خۆڵبارین دەتوانێت کوالیتی ئاو دابەزێنێت و ئاستی ئاو کەمیبکاتەوە و کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان تێکبدات،[٢٤]،[٢٥] لەوکاتەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما ڕێژەی هەڵمژین[٢٦] بەرزدەکاتەوە و خواستیش لەسەر ئاو زیاد دەکات.[٢٧] بەرزدەکاتەوە و خواستیش لەسەر ئاو زیاد دەکات.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێری، هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بارانبارین، بیری دەستی/ بیری ئیرتیوازی و ڕووبار/چەم دەبەستێت. ئەم پشتبەستنە بە بارانبارین، هەرێمی کوردستانی تووشی لاوازیکردووە بەرانبەر بە گۆڕانی کەشوهەوا، لەگەڵ گۆڕانی شێوازی بارانبارین ڕێژەی دابارینیش دەگۆڕێت.[٢٨] لەنێو ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوی ئاودێریان هەیە، لە سەدای ٤٠ی ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوی ئاودێریان هەیە، لەماوەی سالی ڕابردوودا ئاوەکەیان کەمیکردووە، ئەمەش بە زۆری بەهۆی کەمبوونەوەی ئاستی دابارین، تاڕادەیەکی کەمتریش بەهۆی گەشەی دانیشتووان/چڕبوونەوە و زیاتربوونی کاری کشتوکاڵی و بەرزبووەوەی تێچووی تانکەری ئاو.

ئەو کار و کاسبی بژێویانەی هەستیارن بە کەشوهەوا، وەک کشتوکاڵ، بەخێوکردنی ئاژەڵ/ئاژەڵداری و ماسیگرتن لە بژێوی سەرەکییەکانی هاوڵاتیانی نزیکەی دوو لەسەر پێنجی ئەو شوێنانەی کە هەڵسەنگێندراون (٤٣٪). ئەمەش کەمترە لەو

٢٣ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق: هەڵسەنگاندنی خراپی کەشوهەوا (بەغدا، ٢٠٢٣).

٢٤ ماجید گالۆی و هاوکارانی، پێشبینیکردنی کوالیتی ئاو لە ژێر کاریگەرییەکانی ڕووداوەکانی تۆز و خۆڵبارین بە بەکارهێنانی مۆدێلێکی تاقیکاری و شیکاری پاشەکشەی فرەگۆڕاو، پیسبوونی ژینگە، ٣٣٦ (٢٠٢٣).

٢٥ ڕێکخراوی FAO، تۆز و خۆڵبارین: ڕێنماییەک بۆ کەمکردنەوە، گونجاندن، سیاسەت و ڕێوشوێنی ئیدارەدانی مەترسییەکان لە کشتوکاڵدا (ڕۆما، ٢٠٢٣).

٢٦ وۆسێنو ئابتێو و ئاسێفا مێلیسێ، گۆڕانی کەشوهەوا و هەڵمژینی هەڵم، بەهەڵمبوون، سپرینگەر (Dordrecht, ٢٠١٣).

٢٧ پانێڵی نێوان حکومەتەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا (IPCC)، گۆڕانی کەشوهەوا ٢٠٠٧: کاریگەرییەکان، گونجاندن و لاوازی، بەشداریکردنی گروپی کاری ٢ لە چوارەمین ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی IPCC، چاپخانەی زانکۆی کامبریج (کامبریج، ٢٠٠٧).

٢٨ کیڤن ئی. ترێنبێرت، گۆڕانکاری لە بارانبارین لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا، توێژینەوەی کەشوهەوا، ١٢٣:٤٧-١٣٨ (٢٠١١).

پشکەی کە لە ناوەڕاست و باشوری عێراقدا بەدیدەکرێت و ڕەنگە کاریگەرییە سنووردارەکانی کەشوهەوا ڕوون بکاتەوە کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەدیکراون.[٢٩] کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کار و چالاکییەکانی کاروکاسبییەکانی بژێوی ژیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق تاڕادەیەک سنووردار و لەژێر کۆنترۆڵ دایە، دەرئەنجامەکانی ئەوگۆڕانانەش بەزۆری لە هەولێر وەک لەوەی لە سلێمانی باسکران. بەڵام لە شوێنە گوندنشینەکاندا کە تیایاندا کاروکاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا لە کار وچالاکییە سەرەکییەکاندایە، لەسەدا ٤٥ ی شوێنەکان ئاماژەیان بە لەدەستدانی بەرهەمی دانەوێڵە، مردنی ئاژەڵ یان کەمبوونەوەی بەرهەمی ماسیگرتن کردووە لە ساڵی ڕابردوودا بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکانەوە. جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە لە ژمارەیەکی کەم لە قەزاکاندا هەیە. باوترین ستراتیژییەکانیش بریتین لە پاراستنی ئاو و دەست بە ئاوەوە گرتن و تاڕادەیەکی کەمتر هەمەچەشنکردنی کار و کاسبی بژێوی ژیان و گۆڕینی شێوازی و کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان.

گرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی و ململانێ لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان لە دەوری دەستڕاگەیشتن بە زەوییە کشتوکاڵییەکان خۆی دەبینێتەوە. ئەم بابەتە لە چوار ناحییە دا چڕبووەتەوە، دیارترینیان لە بازیان و بەکرەجۆ لە قەزای ناوەندی سلێمانی. ناکۆکی لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکە و خاوەن کارگەکان و هەروەها ئەو گروچ و چین و توێژانەی سەرقاڵی هەمان پیشە و کار چالاکیی بژێوی و ئەندامانی هەمان خێڵ ڕوویداوە.

## شوێنە جوگرافییە لاواز و بەرگەنەگرەکان

لە کاتێکدا کە پارێزگای دهۆک پشکێکی زیاتری بەرکەوتووە لەو شوێنانەی کە خەریکی کاروکاسبی بژێوی هەستیارن کەشوهەوا، هیچ شوێنێک ئاماژەی بە کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری یان کاریگەری نەرێنی لەسەر کاروکاسبی و بژێوی ژیان نەکردووە، کە ئەو کاریگەرییە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ژینگەییەوە بووبێت. لە پارێزگای هەولێر، زیاتر لە قەزاکانی شەقڵاوە و مەخمور و ناحیەی ڕەواندوز لە قەزای سۆران، پرسەکانی پەیوەست بە کەشوهەوا زیاتر بەرباس و بڵاون. لە پارێزگای سلێمانی، قەزای شارباژێڕ و ناحیەکانی ئاغجەلار لە قەزای چەمچەماڵ، کوڵەجۆ لە قەزای کەلار و بازیان و بەکرەجۆ لە قەزای ناوەندی سلێمانی هەندێک لە کاریگەرییە هەرە بەرچاوەکانی گۆڕانی کەش و هەوایان لە هەرێمی کوردستان بەخۆوە بینییووە.

بەشێکی زیاتر و پشکێکی گەورەتر لە شوێنەکان کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری لە هەولێر بە بەراورد بە سلێمانی بەخۆیانەوە بینیووە. لە هەولێر، ئەمە زیاتر بەهۆی کەمبوونەوەی بارانبارین بووە، هاوکات لە سلێمانی تیشک خرایە سەر مەودایەکی فراوانتر لە پرسەکان، لەوانە: گەشەی دانیشتوان/زیاتربوونی کاری کشتوکاڵ، تێچووی تانکەرەکانی ئاو، تێکچوونی ژێرخانی ئاو یان ئاو بەشی پێویست ناکات و خراپ بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی. کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و وازهێنان لەو کار و کاسبی و بژێویانەی هەستیارن بە کەشوهەوا لە هەولێر زیاتر بووە بە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی. ڕێژەی وازهێنان بە تایبەتی لە قەزاکانی ناحیەی گوێڕ، ناوەندی مەخموور وناحیەی قەراج لە قەزای مەخموور و ناحیەی هەریر لە قەزای شەقڵاوە ڕووی لەزیادبوون کردووە. بەڵام جێبەجێکردن و گرتنەبەری ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە لە ژمارەیەکی زیاتری شوێنەکانی سلێمانیدا بەدیکراوە، وەک لە هەولێر. سەرەڕای ئەوەش، خێزانەکان لە هەولێر ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانتریان، وەک هەمەچەشنکردنی کاروکاسبی بژێوی ژیان و گۆڕینی کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان، گرتۆتەبەر. دواجار، گرژی و ئاڵۆزی یان ناکۆکی لەسەر سامانە سروشتییەکان بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە ئەوانیش زۆرتر لە ناحیەکانی بازیان و بەکرەجۆ لە قەزای ناوەندی سلێمانی بوون.

ئەم دەرئەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە کاریگەرییە سەرەکیی و لوتکەییەکان لە هەولێر بەربڵاوترن لە چاو پارێزگای سلێمانی، بەڵام خێزانەکان لە هەولێر کەمێک زیاتر توانیویانە خۆیان بگونجێنن بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فراوانتر وەک هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی کارو کاسبی بژێوی ژیان و گۆڕینی کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکان. لە لایەکی دیکەوە، مەودای بەرفراوانتر لە پرسە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە ئاو کە لە پارێزگای سلێمانیدا باسی لێوەکرا، وەک زیاتربوونی کاری کشتوکاڵ و شکاوی و بەپێی پێویست نەبوونی ژێرخانی ئاوی، کۆمەڵێک خاڵ و لایەن و دەرچەن بۆ بەشداریکردن و ڕۆڵ بینینی پرۆگرامەکان تیایاندا.

شێوەی ١: دەرئەنجامە سەرەکییەکان

| |
|---|
| لە ٧٨٪ی ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوی ئاودێرییان هەیە، باسیان لەوەکردووە کە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا ئەو ئاوەی کە هەیانبووە کەمیکردووە. |
| لە ٤٧٪ی شوێنە کان ڕووبەڕووی تۆز و خۆڵبارین بوونەتەوە لەماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا. |
| لە ٤٥٪ی ئەو شوێنە گوندنشینانەی کە تیایاندا خێزانەکان پشت بە کاروکاسبی بژێویەک دەبەستن کە بەرانبەر بە کەشوهەوا هەستیارن، لە ١٢ مانگی ڕابردوودا بەرهەمهێنانی دانەوێڵەیان کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیووە، ئاژەڵەکانیان مردوون و کاری ماسیگرتنیان ڕووی لەکەمی کردووە. |
| ٪ی ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوی ئاودێرییان هەیە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا سەرچاوە بەردەستەکانی ئاویان کەمبوونەوەیان بەخۆیانەوە بینیووە. |
| لە٤٣٪ی شوێنەکاندا، کار و پیشە و بژێوی سەرەکی کار و چالاکییە هەستیارەکان بە کەشوهەوا لەخۆدەگرن. |
| لە١٣٪ی شوێنەکاندا، خێزانەکان لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا وازیان لە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پیشەی ماسیگری هێناوە. |
| لە ١٢٪ی شوێنەکاندا، خێزانەکان ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکانەوە. |

# دۆخ و ڕەوشەکە

هەرێمی کوردستانی عێراق هەرێمێکی فیدراڵییە لە باکوری عێراق.[٣٠] لە سێ پارێزگا پێکهاتووە، ئەوانیش دهۆک، هەولێر و سلێمانیین.[٣١] هەرێم لەرۆژئاوا سنووری لەگەڵ کۆماری سوریا عەرەبییە و لە باکور لە گەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.[٣٢] لەگەڵ بوونی زنجیرە چیای زاگرۆس لە باکوری کە بە هەموو هەرێمەکەدا تێدەپەڕێت لە ناوچەکەدا، تۆپۆگرافیا و هەڵکوتەی جوگرافی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر چیاییە، هەرچەندە ناوچەکانی باکوری ڕووباری دیجلەشی دەشتاییە.[٣٣] کەشوهەوای هەرێمی کوردستان کەشوهەوای دەریای ناوەڕاستی هەیە (Csa)، تایبەتمەندە

٢٩ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق: هەڵسەنگاندنی خراپی کەشوهەوا (بەغدا، ٢٠٢٣).

٣٠ دەستووری کۆماری عێراق، مادەی ١١٧ (بەغدا، ٢٠٠٥). وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی دەستووری و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پەسەندکراوە.

٣١ حکومەتی هەرێمی کوردستان، 'ڕووپەڕی ڕاستییەکانی کوردستان' (هەولێر، ن.د.)

٣٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٣ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی، کەمکردنەوە و بوژانەوە، دیزاینی پرۆژەی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان (بەغدا، ٢٠١١).

بە هاوینی گەرم و وشک و زستانی سارد و تەڕ. بەڵام لە دەشتەکانی باشوری ڕۆژئاوا کەشوهەوا بە نیمچە وشک (BSh) دادەنرێت.[٣٤، ٣٥] تێکڕای پلەکانی گەرما لە نزمترین پلەی گەرمی ٢ پلەی سەدی (٣٥,٦ پلەی فەهرەنهایت) لە زستاندا، تا بەرزترین پلەی ٤٣ پلەی سەدی (١٠٩,٤ پلەی فەهرەنهایت) دەست پێدەکات ) لە هاویندا، کە پلەکانی گەرما ناوبەناو دەگاتە ٥٠ پلەی سەدی (١٢٢ پلەی فەهرەنهایت). پلەکانی گەرما لە زستاندا (لە مانگەکانی کانوونی دووەم-شوبات) لە تێکڕای ناوچەکە کەمترن (١١,١ پلەی سەدی/٥١,٩٨ پلەی فەهرەنهایت)، بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان دا .[٣٦، ٣٧] باران بارین بە زۆری لەنێوان مانگەکانی تسرینی دووەم – ئادار دایە و بڕی باران بارینی ساڵانەی لەنێوان ٣٧٥ بۆ ٧٢٤ ملیمەترە، کە لە تێکڕای بڕی باران بارینی وڵاتەکە زیاترە.[٣٨، ٣٩، ٤٠] هەرێم سوود لە ژمارەیەک ڕووبار و کانی و جۆگە وەردەگرێـت، دیارترینیان: ڕووباری فیشخابوور، زێی گەورە، زێی بچووک، سیروان، ڕووباری ئاوە سپی. بە مەزەندەکردن لەسەدا ٤٠ی ئاوی سەرزەوی لە دەرەوەی ناوچەکەوە دێت، لەوانەش وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیا، کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری عەرەبی سوریا، ئەمەش واتە بەنداوکردن و ڕێڕەوگۆڕینی ڕووبارەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق کاریگەرییان لەسەر دابینکردنی ئاوی هەرێم هەیە.[٤١] بە پێچەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، باران سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ئاودێرییە بۆکار کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان.[٤٢] دەرئەنجام، گۆڕانی شێوازی بارانبارین بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە هەرێم دا هەیە.

## بەرەوپێشچوونە دیموگرافییەکان

خێرای گەشەی دانیشتوان و شارنشینی/ڕوو لەشارکردن لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر دابینکردنی ئاوی بەردەست هەیە بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەری.[٤٣] بەپێی ئاماری فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان Kurdistan Region Statistics Office (KRSO)، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠٢٣ لەسەدا ٤١ زیادیکردووە، لە ٤,٦٦٢,٠٠٠ بۆ ٦,٥٥٦,٧٥٢,[٤٤، ٤٥] جگە لەوەش هەروەها هەرێمی کوردستانی عێراق میوانداری ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەکان دەکات کە لە دەرەوەی هەرێمەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەوانەش ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs) و پەنابەران. بەگوێرەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOM، تا مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤، ٥٩١,٢٢٧ ئاوارە ناوخۆییەکان (ئاوارەکان) لە هەرێمی کوردستانی عێراق نیشتەجێبوون.[٤٦] زیاتر لە نیوەی (٥٨٪)ی ئاوارەکان لە نێوان حوزەیران و ئابی ٢٠١٤ گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستانی عێراق، هاوکاتە لەگەڵ گرتنی موسڵ و شەنگال لەلایەن داعشەوە.[٤٧، ٤٨] ٤٨ زۆربەی ئاوارەکان لە شوێنی دیاریکراوی نیشتەجێبوون دا دەژین، هەرچەندە یەک لەسەر پێنجیان لە کەمپەکاندا دەژین و زۆربەشیان دەکەونە پارێزگای دهۆکەوە.[٤٩] هەروەها هەرێمی کودرستان ژمارەیەکی زۆر پەنابەریشی لەخۆگرتووە (٢٧٦,١١٩) کەس کە زۆربەیان پەنابەری سورین (لە ٩٣٪).[٥٠] لەگەڵ ئەوەشدا، (٦٣,٥١٠) گەڕاوەی ئاوارەبوون لە هەرێم تۆمارکراون، زۆربەیان لە قازای مەخموری پارێزگای هەولێرن لە (٩٩٪).[٥١]

نزیکەی لە هەر پێنج کەس، چواریان لە ناوچە شارییەکانی هەرێمی کوردستان دا دەژین (٨٢٪)، هەرچەندە ئەم پشکە لە پارێزگای دهۆک کەمترە (٧٤٪) .[٥٢] چەند هۆکارێکی جۆراجۆر و پەیوەست بەیەکەوە، لەوانەش گەشەسەندنی ئابوری، ئیدارەی سەربەخۆ، پەرەسەندنە سیاسییەکانی دیکە ڕۆڵی لە گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان هەبووە.[٥٣] بە دیاریکراوترین بڵێین، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی (جەنگی کۆچکردن بەرەو شار) بووەتەوە، کە بەهۆی ئاوارەبوون لە کاتی شەڕو و ململانێیەکانەوە هاتۆتەئاراوە و مێژووی ئەو ئاوارەبوونانەش بۆ ساڵانی شەستەکانی دەگەڕێتەوە کە لە ئەنجامی ڕاگواستن و نیشتەجێبکردن لە ناوەندە شارییەکان دروستبووە.[٥٤] بۆ نموونە، لە ماوەی شەڕ و ململانێی ٢٠١٤-٢٠١٧، نزیکەی نیوەی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان ڕوویان لە قەزای ناوەندی هەولێر کردووە لە (٣٩٪) لە (١٩٪) یشیان ڕوویان لە قەزای ناوەندی سلێمانی کردووە.[٥٥]

ئەم گۆڕانکارییە دیموگرافییە، هاوکات لەگەڵ کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە، ئاستی ئاوی لە هەرێم کەمکردووە. لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێم، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئاماژەی بەوەدا، لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ئاستی ئاوی ژێر زەوی بە ڕێژەی ٥٠٠ مەتر دابەزیوە.[٥٦] لە ئەنجامدا لە ساڵی ٢٠٢٢دا ٣٠٠ بیر لە سەرانسەری شارەکەدا وشکبوون، ئەمەش وایکرد بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەند ١٣٨ بیری نوێ لێبدا.[٥٧]

## ئیدارەدانی ئاوانێک کە سنووری وڵاتان دەبڕن

هەروەها گەشەسەندن و پێشهاتەکانی سەرەوە ئاستی ئاویان لە هەرێمی کوردستان زیاتر کەمکردووەتەوە. لە ڕێگەی پرۆژەی باکوری ڕۆژهەڵاتی

٣٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٥ هونەر عەبدوڵڵا کاک ئەحمەد خەیات و هاوکارانی، هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر سامانە سروشتییەکان لە هەولێر، کوردستانی عێراق بە بەکارهێنانی زانیاریی جیۆ و داتاکانی لاندسات. لە: پێوانەکردنی ژینگەیی لە دوورەوە و GIS لە عێراق (A. Al-Quraishi and A. Negm, eds.)، ئاوی کانی (چەم، ٢٠٢٠).

٣٦ پۆرتاڵی زانیاری گۆڕانی کەشوهەوا، 'لاپەڕەی وڵاتی عێراق،' گروپی بانکی جیهانی (واشنتۆن دی.سی.، ٢٠٢١).

٣٧ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، 'هەرێمی کوردستان' (n.p., n.d.)

٣٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٩ پۆرتاڵی زانیاری گۆڕانی کەشوهەوا، 'لاپەڕەی وڵاتی عێراق،' گروپی بانکی جیهانی (واشنتۆن دی.سی.، ٢٠٢١).

٤٠ لیزا بایندەر و هاوکارانی، پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، مەترسی گۆڕانی کەشوهەوا، پەیمانگای پۆتسدام بۆ توێژینەوەی لە کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و ئەدلفی (پۆتسدام/بەرلین، ٢٠٢٢).

٤١ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP)، چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی وشکەساڵی، کەمکردنەوە و بوژانەوە، دیزاینی پرۆژەی ناوچەیی لە هەرێمی کوردستان (بەغدا، ٢٠١١).

٤٢ ڕێکخراوی FAO، نوێکردنەوەی سیستەمی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی جیهانی لەسەر خۆراک و کشتوکاڵ (GIEWS) – کۆماری عێراق – وشکەساڵی لە بەشەکانی باکوری وڵات (بەغدا، ٢٠٢١)..

٤٣ ئەلیساندرۆ تینتی، ئیدارەدانی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، پەیمانگای توێژینەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی (سلێمانی، ٢٠١٧).

٤٤ مەگود عوسمان، هەرێمی کوردستانی عێراق: ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوان، KRSO (هەولێر، ٢٠٢١).

٤٥ فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، 'دانیشتووان،' KRSO (هەولێر، ٢٠٢٤).

٤٦ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOM عێراق – داتا سێتی لیستی سەرەکی ئاوارەکان، گەڕی ١٣١، (بەغدا، ٢٠٢٤).

٤٧ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٨ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، قەیرانی ئاوارەبوونی عێراق: ٢٠١٤-٢٠١٧، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (بەغدا، ٢٠١٨).

٤٩ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOM عێراق – داتا سێتی لیستی سەرەکی ئاوارەکان، گەڕی ١٣١، (بەغدا، ٢٠٢٤).

٥٠ فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، 'دانیشتووان،' KRSO (هەولێر، ٢٠٢٤).

٥١ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOM عێراق – داتا سێتی لیستی سەرەکی ئاوارەکان، گەڕی ١٣١، (بەغدا، ٢٠٢٤).

٥٢ مەگود عوسمان، هەرێمی کوردستانی عێراق: ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوان، KRSO (هەولێر، ٢٠٢١).

٥٣ م.خالیس ڕەئوف حەسەن، هۆکارەکانی کاریگەری شارنشینی و کۆچکردن بەرەو شار لە عێراق: شیکارییەکی مێژوویی لە ساڵی ١٩٢١ تا ئێستا، شارنشینی و کۆکچکردن بەرەو شار، ٨(١):٦١-٧٨ (٢٠٢٣).

٥٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٥ تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون (DTM)ی ڕێکخراوی IOM عێراق – داتا سێتی لیستی سەرەکی ئاوارەکان، گەڕی ١٣١ ، (بەغدا، ٢٠٢٤).

٥٦ ڕووداو، 'ئاستی ئاوی ژێرزەوی هەولێر لە ماوەی ٢٠ ساڵدا ٥٠٠ مەتر دابەزی،' ڕووداو (١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٢).

٥٧ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەنادۆڵ (گونەیدوٚغ ئانادۆڵو پرۆجێسی)، وڵاتی تورکیا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ٢٢ بەنداوی بەدرێژایی حەوزی دیجلە-فورات دروستکردووە، بە کۆی گشتی ١٣٥ بەنداوی گەورە لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە.[٥٨،٥٩] دروستکردنی بەنداو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەدرێژایی لقەکانی ڕووباری دیجلە، وەک سیروان و زێی بچووک، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بڕی ئاوی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە سلێمانی هەیە.[٦٠] سەرەڕای ئەوەش، لەڕێگەی بەکارهێنانی تونێلی ئاوی نەوسود، کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانێت بەتەواوی ڕێڕەوی ڕووباری سیروان بگۆڕێت، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری و ئاڵۆزی زۆر لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ئاودێری لە سلێمانی.[٦١] هەرێمی کوردستان لای خۆیەوە سێ بەنداوی گەورە و ٢٠ بەنداوی بچووک و مامناوەندی هەیە، لەگەڵ ١١ بەنداوی دیکە کە دروست دەکرێن.[٦٢] پێدەچێت دروستکردنی بەنداوەکان ستراتیژیەتێکی لەپێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، لەگەڵ بەیاننامە فەرمییەکان کە تیشک دەخەنە سەر سوودەکانی دروستکردنی بەنداو بۆ 'ئاودێری کشتوکاڵی، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، بەرهەمهێنانی کارەبا [لەڕێگەی کارەبای بەرهەمهاتوو لە ئاوەوە]، بەکارهێنانی پیشەسازی و پەرەپێدانی گەشتیاری.'[٦٣] بەنداوەکان دەتوانن ئاویش کۆگابکەن و کاریگەری دروستبوونی لافاو کەمبکەنەوە.[٦٤، ٦٥] بەڵام، لایەنە خراپە ئەگەرییەکانی دروستکردنی بەنداو بریتین لە زیانگەیاندن بە ئیکۆسیستەم – سیستەمی ژینگەیی، ئاوارەبوونی کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان – ئەو کۆمەڵگە و شوێنانەی کە بەهۆی دروستبکردنی بەنداوەوە ئاوارەدەبن، گۆڕانکاری لە کوالیتی ئاو.[٦٦] هەروەها دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەوانەیە بەشێوەیەکی نەرێنی کار بکاتە سەر ئەو بڕە ئاوەی کە بۆ بەشەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق دەچێت.[٦٧] هەر دوو ڕووباری زێی گەورە و زێی بچووک بە هەرێمی کوردستان دا تێدەپەڕن و نیوەی ئاوی ڕۆیشتووی ڕووباری دیجلە بۆ باشوری بەغدا پێکدەهێنن.[٦٨] ئەم پێگە جوگرافییە گرینگەی هەرێمی کوردستانی عێراق بەدرێژایی ڕێڕەوی ئاوەکان ڕەنگدانەوەی گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوەیە لەو کاریگەرییە پەیوەندیدارانەی کەشوهەوا کە ڕووبەڕووی هەرێمەکە و ناوچەکەی دەکاتەوە، چونکە پێدەچێت ئەم کاریگەرییانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەیان بۆ بەشەکانی تری عێراق-یش هەبێت.

## کاریگەر و پێشبینییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا

سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق کەش و هەوا و جوگرافیایەکی جیاواز و تایبەتی هەیە، توێژینەوە و شیکارییەکان لەبارەی گۆڕانی کەش و هەوا لە عیراق هەمیشە زەحمەتی و ئاڵنگاری تایبەت و جیاکراوە کە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتـەوە دیارناکەن، بەتایبەتی ڕەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گۆڕانە ژینگەییانە لەبەرچاوناگرن. وەک ناوەڕاست و باشوری عێراق، لە ئێستادا هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی وشکەساڵی توندتر، بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵمژینی و زۆربوونی خواستەکان لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی دەبێتەوە.[٦٩] بەڵام گۆڕانی شێوازی بارانبارین ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی لافاو لە هەرێم، کە بووەتە هۆی مردن، برینداربوون، چۆڵکردن و ئاوارەبوونی کاتی، زیانگەیاندن بە سەروەت و سامان و ژێرخان و پچڕانی خزمەتگوزارییەکان.[٧٠] هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی پشتبەستنی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بە ئاوی باران، ئاستی داباریین زۆر زۆریش، ڕاستەوخۆی کاریگەری لەسەر بەرهەمی دانەوێڵەیی و بەروبوومی کشتوکاڵی دەبێت.[٧١]

خەیات و هاوکارانی. (٢٠٢٠) تیشک دەخەنە سەر نیمچە وشکبوونەوەی بەربڵاوی هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و کەمبوونەوەی بارانبارینە. لە پارێزگای هەولێر، توێژینەوەکە باس لە کەمبوونەوەی لەسەدا ٥١ی ڕووپۆش و سەوزایی ڕووەکی دەکات، کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و بەڕادەیەکی کەمتر ئاوەدانبوونەوە و بیناسازی ناوچە شارییەکان بەتایبەت لە قەزای ناوەندی هەولێر. ناسر و هاوکارانی. (٢٠٢٢) ئەم دەرئەنجامە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە سەدا ٥٢,١ لە بەکارهێنانی زەوی/ڕووپۆشی زەوی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ دەیە (١٩٩٠-٢٠٢٠).[٧٢] هەروەها بەگوێرەی بەهرەم خدر ڕاوێژکاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی،، وشکە ساڵی چەند ساڵە ڕۆڵی هەبووە لە لەناوچوون و نەمانی دارستان و سەوزایی لە هەرێم.[٧٣] جگە لەوەش، شیکاری داتاکانی ناتەواوی و نائاساییبوونی بارانبارینی ساڵی ٢٠٢٣ لە توێژینەوەی کەشوهەوای-ی بەرنامەی خۆراکی جیهانی ئاشکرای دەکات کە بارانبارین لە خوار تێکڕای بارانبارینە لە هەرێمی کوردستان لە مانگی یەک تا سەرەتای مانگی نیسان، بەتایبەتی لە دهۆک و هەولێر.[٣٥] لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئەم توێژینەوەیە لە (ئەیلول – کانوونی دووەمی ٢٠٢٣)، بارانبارین لە سەرووی مامناوەندەوە بووە، بە تایبەت لە دهۆک، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە هەبێت، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە چوارچێوەی ماوەی ئەو کاتەی کە هەندێک پرسیار کە لە زانیاریدەرە سەرەکییەکان کراوە.

لە ڕووی پێشبینییەکانەوە، پێشبینیدەکرێت باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق زۆرترین بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی هەبێت و تێکڕای ژمارەی ڕۆژانی گەرمی ساڵی بگاتە 'زۆر گەرم' (واتە ئەو ڕۆژانەی کە زۆرترین پلەی گەرمی لەسەرووی ٣٥ پلەی سەدی یان زیاترە).[٣٦] لەکاتێکدا کە نادڵنیایی زیاتر سەبارەت بە ئاستی بارانبارینی ساڵانی داهاتوو هەیە، پێشبینیدەکرێت بارانبارین لە باکوری ڕۆژئاوای عێراق تۆزێک کەم ببێتەوە.[٣٧] لە کۆتاییدا، وا پێشبینیدەکرێت کە ئاستی هەڵمژین بەشێوەیەکی بەرچاو لە باکوری عێراق ڕوو لە زیادبوون بکات.[٣٨]

٥٨ وەزارەتی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا، پرۆژەی ئیدارەی گەشەپێدانی ناوچەیی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، 'پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP)،' ئیدارەی گەشەپێدانی ناوچەیی GAP (Karaköprü، ٢٠١٠).

٥٩ ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان، 'تورکیا،' ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان (ئۆکلاند، n.d.)

٦٠ هەڵمەتی ڕزگارکردنی دیجلە، دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستانی عێراق: بۆشاییە پێکهاتەییەکان لە سیاسەتەکانی دروستکردنی بەنداوی حکومەتی هەرێم، هەڵمەتی ڕزگارکردنی دیجلە (n.p.، ٢٠٢٠).

٦١ کاکەڵاو عەبدوڵڵا و دلێر عەبدوڵڵا، 'کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی "کارەساتی" ئاو دەبێتەوە لە کاتێکدا ئێران ڕووبارەکان دەبڕێت،' چاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٣ی ئەیلوولی ٢٠٢٠).

٦٢ ڕووداو، 'ئاستی ئاو لە بەنداوەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە،' ڕووداو (١٣ نیسانی ٢٠٢٤).

٦٣ فەرمانگەی میدیا و زانیاری، 'هەرێمی کوردستان بە ١٣ بەنداوی نوێ سەرچاوە ئاوییەکانی زیاد دەکات،' حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣).

٦٤ ئۆستین کۆرۆنا، 'چۆن دیپلۆماسیەتی بەنداوی تێکچوو قەیرانی ئاوی عێراق لە قاڵب دەدات،' پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، کۆڕبەندی فیکرا (واشنتۆن دی سی، ٢٠٢٠).

٦٥ سەردار سەتار، 'بەنداوەکان لە کوردستان: نەخشەیەک بۆ ئاسایشی ئاو و گەشەی ئابوری،' گۆڤاری کوردستان کرۆنیکڵ (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣).

٦٦ هەڵمەتی ڕزگارکردنی دیجلە، دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستانی عێراق: بۆشاییە پێکهاتەییەکان لە سیاسەتەکانی دروستکردنی بەنداوی حکومەتی هەرێم، هەڵمەتی ڕزگارکردنی دیجلە (n.p.، ٢٠٢٠).

٦٧ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٩ لیزا بایندەر و هاوکارانی، پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، مەترسی کەشوهەوا، پەیمانگای پۆتسدام بۆ توێژینەوە لە کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و ئەدلفی (پۆتسدام/بەرلین، ٢٠٢٢).

٧٠ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆمەڵگاکانی خاچی سوور و مانگی سوور، عێراق: لافاو – ئازاری ٢٠٢٤ (n.p.، ٢٠٢٤).

٧١ ڕێکخراوی FAO، نوێکردنەوەی سیستەمی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی جیهانی لەسەر خۆراک و کشتوکاڵ (GIEWS) – کۆماری عێراق – وشکەساڵی لە بەشەکانی باکوری وڵات، ڕێکخراوی FAO (بەغدا، ٢٠٢١).

٧٢ سەلام مەحموود ناسر و هاوکارانی، گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی زەوی/ڕووپۆشی زەوی لە هەرێمی کوردستانی عێراق: ڕێبازێکی نیمچە ئۆتۆماتیکی لەسەر بنەمای بابەت، بەکارهێنانەکانی پێوانەکردن لە دوورەوە: کۆمەڵگە و ژینگە، ٢٦ (نیسانی ٢٠٢٢)..

٧٣ ڕووداو، 'نیوەی دارەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لەدەستچوون و لەناوچوون: ڕاوێژکار،' ڕووداو (٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣).


# ڕاگواستن / شوێنگۆڕین

لەسەرانسەری ٨٠٤ شوێنی هەڵسەنگێندراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هیچیان ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا بەخۆیانەوە نەبینیووە. سەرەڕای ئەوە، هۆکارە ژینگەییەکان ڕۆڵیان نەبووە لە ڕوودانی ئاوارەبوونی لاوەکی و دووەمی[٧٤] و ڕۆڵیان نەبووە لە ڕوودانی گەڕانەوەی شکستخواردوو[٧٥] لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی ئەم گەڕەی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکاندا. بۆیە، پێدەچێت ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا تا مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ تەنیا سنووردار بێت بە ناوەڕاست و باشووری عێراق.[٧٦] بەڵام ئەوە مانای نەمانی ئەو ئەگەرە نییە کە ڕەنگە گۆڕانی کەش و هەوا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری دروستبکات و ببێتەهۆی ڕاگواستن و شوێنگۆڕین هەر لەناوخۆی هەرێمی کوردستان یان لە باشور و ناوەڕاستی عێراقەوە ڕووبکەنە هەرێم، لەوانەش بەهۆی چەند هۆکارێک،

ژمارەیەکی کەم لەو شوێنانەی کە هەڵسەنگێندرابوون (١٪) ئەندامانی خێزانەکانیان نارد بۆ شوێنێکی تر بۆ ئەوەی لەوێ کاسبی بکەن و پارە پەیدا بکەن، وەک لە ستراتیژییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەو خۆگونجاندا بەدیکرا. کۆچ لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان–کۆچکردن بەرەو شارەکان بە پاڵنەر و هۆکاری گرێدراو بە ئابوری یان کۆچی وەرزی.[٧٧] لە ڕاستیدا، لە وەڵامی ژینگە و گۆڕانە ژینگەییەکان بووە.

سەرەڕای ئەوەش، گواستنەوەی کاتی لە وەڵامی مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان هەبووە. بۆ نموونە، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەکانی خاچی سوور و مانگی سوور (IFRC) ڕایگەیاندووە کە ٧٤٤٠ کەس بەهۆی لافاوێکی خێرا لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ٢٠٢٤دا گواستراوەتەوە.[٧٨]

نەخشەی ٢: قەزاکانی زێدی ئاوارەبوون بەهۆی کاریگەری گۆڕانی کەش و هەواوە لە عێراق تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣[٧٩]




٧٤ ئاوارەبوونی لاوەکی ئاماژەیە بۆ 'ئەو تاکانەی کە زیاتر لە جارێک ئاوارەبوون و لە شوێنێکی تری ئاوارەبوونەوە هاتوون.' ڕێکخراوی IOM، میتۆدۆلۆژیای لیستی سەرەکی (بەغدا، n.d.)

٧٥ گەڕانەوەی شکستخواردوو ئاماژەیە بۆ 'ئەو کەسانەی کە لە ناوچەکانی زێدی خۆیانەوە دێنەوە دوای هەوڵێکی شکستخواردوو بۆ گەڕانەوە.' هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٦ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ئاوارەبوون بەهۆی کەشوهەوا – ناوەڕاست و باشوری عێراق (کانوونی دووەمی ٢٠٢٣) (بەغدا، ٢٠٢٣).

٧٧ ڕیچارد بلاک و هاوکارانی، کاریگەری گۆڕانی ژینگەیی لەسەر کۆچی مرۆڤ، گۆڕانی ژینگەی جیهانی، ٢١(ا):S3-S11 (کانوونی دووەمی ٢٠١١).

٧٨ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆمەڵگەکانی خاچی سوور و مانگی سوور (IFRC)، لافاوی ئاوی-ی عێراق/لافاو٢٠٢٤ – ئۆپەراسیۆنی DREF MDRIQ016, IFRC (بەغدا، ٢٠٢٤).

٧٩ نەخشەی ٢ لێشاوی ئاوارەبوون و ڕاگواستن لە ١٥ سەرەکیترین قەزای زێدەوە بۆ قەزای ئاوارەبوونیان نیشاندەدات. ئاوارەبوونی ناو قەزاکان وەک تیرەیەکی بازنەیی نیشاندەدرێت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، ئاوارەبوون بەهۆی کەشوهەوا – ناوەڕاست و باشوری عێراق (کانوونی دووەمی ٢٠٢٣) (بەغدا، ٢٠٢٣).

# مەترسییە ژینگەییەکان[٨٠]

ئەم بەشە هەڵسەنگاندن بۆ بڵاوبوونەوەی مەترسییە ژینگەییە جیاوازەکان دەکات لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق دا. پرسیار لە زانیاریدەرانی سەرەکی کرا کە ئایا ئەم ڕووداوە ژینگەییانەی خوارەوە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا لە شوێنەکەدا ڕوویانداوە: وشکەساڵی، تۆز و خۆڵبارین، زیادبوونی ئاستی سوێربوونی ئاو، تێکچوونی خاک/بەبیابانبوون، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، لەدەستدانی جۆراوجۆری ئاژەڵ، زەوی لەرزین/بومەلەرزە، لافاو، ئاگرکەوتنەوەی سروشتی یان مەترسییەکانی تر.


مەودایەکی تارادەیەک تەسک لە مەترسییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد بە ناوەڕاست و باشوری عێراق باسکراون.[٨١] بەربڵاوترین مەترسی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما بووە، وەک ئەوەی لە ١٢ مانگی ڕابردوودا، لە پێنج شوێن، لەچواریان (٧٨٪) بەدیکراوە. سەرەڕای ئەوەش، تۆز و خۆڵبارین بە نزیکەیی نیوەی شوێنەکانی گرتۆتەوە (٤٧٪). ئەمەش ڕەنگە پەیوەست بێت بە کەمبوونەوەی ڕووپۆشی ڕووەک و سەوزایی و بیابانبوون لە سەرانسەری عێراقدا.[٨٢] لە کۆتاییدا، لە هەر ١٠ شوێن، یەک شوێن تووشی وشکەساڵی بووە.

ئەو مەترسییە ژینگەییانەی کە باسدەکرێن بەپێی پارێزگا و قەزاکان تا ڕادەیەک جیاوازن. تۆز یان خۆڵبارین بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دهۆک و هەولێر (١٠٠٪ و ٩٨٪ی شوێنەکان هەریەکەیان) تۆمارکراوە، بەڵام لە سلێمانی (٠٪) بووە. لەلایەکی دیکەوە، لە هەولێر و سلێمانی زیاتر ئاماژە بە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما کراوە (بە ڕێژەی ٩٩٪ و ٩١٪ی شوێنەکان). وشکەساڵی دیاردەیەکی زیاتر خۆجێییە، لە دوو قەزا لە پارێزگای هەولێر و حەوت قەزا لە پارێزگای سلێمانی چڕبووەتەوە، وەک لە نەخشەکەدا هاتووە. قەزای شارباژێڕ لە پارێزگای سلێمانی و قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر پشکی زیاتری ئەو شوێنانەی وشکەساڵییان بەخۆوە بینیووە (١٠٠٪ و ٤٦٪) بەرکەوتووە. جگە لەو قەزایانەش، بارودۆخی وشکەساڵی لە قەزای سەنگاو، قەزای چەمچەماڵ (٦٠٪ی شوێنەکان) بەربڵاو بووە؛ ناحیەی بازیان، قەزای ناوەندی سلێمانی (٥٣٪)؛ ناحیەی ڕزگاری، قەزای کەلار (٥٠٪)؛ ناحیەی ئاغجەلار لە قەزای چەمچەماڵ (٤٥٪) و ناحیەی کوڵەجۆ لە قەزای کەلار (٤٤٪). جگە لەو سێ مەترسییەی کە لە سەرەوە باسکران، ئاگرکەوتنەوە سروشتییەکان لە قەزای ئامێدی لە پارێزگای داهوک بەربڵاو بووە.

شێوەی ٢: باوترین و بەربڵاوترین مەترسییە ژینگەییەکان لە ماوەی ١٢ مانگی بەر لە ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندن و توێژینەوەیە بەپێی ڕێژەی سەدی شوێنەکان




نەخشەی ٣: ناحییەکان بەپێی ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە ڕووبەڕووی وشکە ساڵی بوونەتەوە لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوو دا





بە تێکڕا، شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا ١،٤٤ مەترسی ژینگەیی جیاوازیان بەخۆوە بینیووە، کە لانیکەم یەک مەترسی و زۆرترینیان چوار مەترسی هەبووە. زۆربەی شوێنەکان (٩٤٪) یەک یان دوو مەترسییان بەخۆوە بینیووە، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم (٦٪) یان سێ یان چوار مەترسییان هەبووە. قەزای بازیان لە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکان و لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا ١٧ شوێنە ڕووبەڕووی سێ بۆ چوار مەترسی جیاواز بوونەتەوە، لە دوای ئەویش قەزای ناوەندی مەخموور لە پارێزگای هەولێر (١٥ شوێنی).

٨٠ ‘مەترسی‘ ئاماژەیە بۆ ‘پرۆسە، دیاردە یان چالاکیی مرۆیی کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی ژیان، بریندابوون یان کاریگەرییە تەندروستییەکانی دیکە، زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵ، پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری یان تێکچوونی ژینگە.‘ مەترسی ژینگەیی‘ هەندێک ‘مەترسی هایدرۆمێتەرۆلۆژی لە سەرچاوەی بەرگەهەوا، هایدرۆلۆجی یان ئۆقیانوس‘ (بۆ نموونە، لافاو و وشکەساڵی)، ‘مەترسی جیۆلۆجی یان جیۆفیزیکی کە لە پرۆسە ناوخۆییەکانی ناخی زەویەوە سەرچاوە دەگرن‘ (بۆ نموونە، زەوی لەرزین) شانبەشانی ‘مەترسی ژینگەیی لەوانەش ماددە کیمیاییەکان‘ لەخۆدەگرێت، مەترسییە سروشتی و بایۆلۆژییەکان‘ (بۆنموونە، تێکچوونی خاک و لەدەستدانی جۆراوجۆری زیندەوەر و گیانلەبەر). لیستی تەواوی ئەو مەترسیانەی کە هەڵسەنگێندراون لە پێشەکیدا بەردەستن. نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسی کارەسات (UNDRR)، ‘مەترسی،‘ n.p., n.d (UNDRR.)

٨١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ، پاڵنەرەکانی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق: هەڵسەنگاندنی لاوازی کەشوهەوا (بەغدا، ٢٠٢٣).

٨٢ لیزا بایندەر و هاوکارانی، پرۆفایلی مەترسی کەشوهەوا عێراق، مەترسی کەشوهەوا، پەیمانگای پۆتسدام بۆ توێژینەوە لە کاریگەرییەکانی کەشوهەوا و ئەدلفی (پۆتسدام/بەرلین، ٢٠٢٢).

شێوەی ٣: ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە ڕووبەڕووی سێ یان زیاتر لە سێ مەترسی ژینگەیی بوونەتەوە لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا بەپێی پارێزگا و قەزا و ناحیە




# دەستڕاگەیشتن بە ئاو

ئەم بەشە سەرچاوەی ئاوی ئاودێری لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان لەبەرچاو دەگرێت، ئایا دابینکردنی ئاوی ئاودێری بەردەست لە ١٢ مانگی ڕابردوودا کەمی کردووە یان نا و هۆکارەکانی کەمبوونەوەی چین.

زۆربەی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان (٦٠٪)یان سەرچاوەی ئاوی ئاودێرییان نییە، هەرچەندە نزیکەی هەموو ئەم شوێنانە شارین. لە نێو ئەو شوێنانەی کە ماونەتەوە کە سەرچاوەی ئاوی ئاودێرییان هەیە (٤٠٪)، زۆرینەیان (٨١٪) یان پشت بە دوو یان سێ سەرچاوە دەبەستن. بەڵام کەمینەیەکی کەم (٦٪) پشت بە یەک سەرچاوەی ئاو دەبەستن. نەبوونی هەمەچەشنی و فرەیی لە سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێریدا، لەوانەیە وابکات ئەم شوێنانە زیاتر بەرەوڕووی گۆڕانکاری لە بەردەستبوونی ئاودا بکاتەوە.

باوترین سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێری بارانبارین بوو (بە ڕێژەی ٩٠٪ی شوێنەکان ئاماژەی پێکراوە)، دواتر بیری دەستی/بیرەی ئیرتیوازی/گشتی (٧٣٪) و ڕووبار/چەم (٤٤٪). گۆڕانی کەشوهەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی ئاو لە هەر سێ سەرچاوەکەدا هەیە، لە نێوانیاندا بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، گۆڕینی شێوازی بارانبارین، خێراکردنی ڕێژەی بەهەڵمبوون و زیادکردنی ڕادەدە و چڕی وشکەساڵی.[٨٣،٨٤،٨٥،٨٦]

سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێری بەپێی پارێزگاکان تا ڕادەیەک لەیەکتر جیاوازن. ئاودێری لە کەناڵ و جۆگەکان سەرچاوەیەکی ئاوی تاڕادەیەک باون لە پارێزگای دهۆک، کە لەلایەن یەک لەسەر سێی شوێنەکانەوە (٣٦٪) باسکراوە. جگە لەوەش، لە پارێزگای هەولێر نزیکەی نیوەی شوێنەکان (٤٨٪) ئاوی بۆڕی بۆ ئاودێری بەکاردەهێنن. لە پارێزگای سلێمانی بە پێچەوانەوەیە، زۆر کەم شوێن ئاوی ئاودێری لە ڕووبار/چەم (٨٪) وەردەگرن، لەبری ئەمە پشت بە بارانبارین دەبەستن (٩٤٪)، پشت بە بیری دەستی/بیری ئیرتیوازی (٩٠٪) و، تا ڕادەیەکی کەمتریش، بە ئاوی تانکەر لە لایەن دابینکەرانی تایبەتەوە دەبەستن (١٦٪).


جێی ئاماژەیە، پێنج شوێن لە قەزای سێمێل و سێ شوێن لە ناحیەی ڕزگاری لە قەزای زاخۆ بۆ ئاودێری بە تەواوی پشت بە بارانبارین دەبەستن. بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر شێوازی بارانبارین،[٨٧] ئەم شوێنانە زیاتر ڕووبەڕووی گۆڕانی باروودۆخی ژینگەیی دەبنەوە. سەرەڕای ئەوەش، ناحیەی بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی، ناحیەی خورماڵ لە قەزای ناوەندی هەڵەبجە و ناحیەی گوێر و ناوەندی مەخمور لە قەزای مەخمور تاڕادەیەک پشت بە تانکەری ئاو لە دابینکەرانی تایبەت و گشتییەوە دەبەستن. ئەمەش ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ جۆرێک هەبوونی فشار لەسەر خواستی ئاو، چونکە دەکرێت تانکەری ئاو سەرچاوەیەکی گرانبەهای ئاوی ئاودێری بێت. لە ڕاستیدا، ئەو شوێنانەی کە تانکەری ئاویان بەکارهێناوە، زیاتر باسی ئەگەری کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێریان بەردەستیانکرد، بە بەراورد بەو شوێنانەی کە تانکەری ئاویان بەکار نەهێناوە (٩٧٪ بەرانبەر ٣٤٪، بۆ شوێنەکان).

## کەمبوونەوەی دابینکردنی ئاوی ئاودێری

لە نێو ئەو شوێنانەی کە سەرچاوەی ئاوی ئاودێرییان هەیە، لە هەر پێنج شوێنێک، دووانیان (٤٠٪) دابەزینی ئاستی دابینکردنی ئاویان بەخۆیانەوە بینیووە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا. بەڵام پرسەکە بەپێی پارێزگاکان جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. نیوەی شوێنەکانی پارێزگای سلێمانی کەمبوونەوەی ئەو ئاوەیان بەخۆیانەوە بینیووە، لەگەڵ نزیکەی دوو لەسەر سێی شوێنەکانی پارێزگای هەولێر. لە بەرانبەردا، هیچ شوێنێک لە پارێزگای دهۆک دابەزینی ئاستی ئاوی ئاودێری بەخۆیەوە نەبینیووە. ڕەنگە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دابارینی زیاتر لە ئاستی تێکڕا و ئاستی باران بێت کە لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئەم توێژینەوە لە پارێزگاکەدا تۆمارکراوە.

لە پارێزگای هەولێر، قەزاکانی شەقڵاوە و مەخموور، لەگەڵ ناحیەی ڕەواندوز لە قەزای سۆران، زۆرترین پشکی ئەو شوێنانەیان هەبووە کە ئاماژەیان بۆ کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری بەردەست کردووە. لە پارێزگای سلێمانی ئەم بابەتە لە قەزاکانی شارباژێڕ و چەمچەماڵ و قەزای ناوەندی سلێمانی و هەروەها ناحیەی خورماڵ و ناحیەی ناوەندی هەڵەبجە لە پارێزگای هەڵەبجە و ناحیەی ڕزگاری لە قەزای کەلار و ناحیەی پیرەمەگرون لە قەزای دۆکان چڕ بووەتەوە.

شێوەی ٤: باوترین سەرچاوەکانی ئاوی ئاودێری بەپێی ڕێژەی سەدی شوێنەکان




٨٣ سەنتەری نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی (IGRAC)، ئاوی ژێر زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا، IGRAC (Delft, n.d.)


٨٤ ڤیراسوامی داڤامانی و هاوکارانی، پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی: گرنگیدان بە دۆخی ئێستا، ئەگەرەکانی داهاتوو و ڕۆڵی مۆدێلەکانی هاوشێوەکردن و لێکچوواندن، بەرگەهەواوە، ١٥(١):١٢٢ (٢٠٢٤).

٨٥ هۆنگ وانگ و هاوکارانی، گۆڕانی کەشوهەوای بەکاری مرۆیی کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی ڕۆیشتنی ڕووبارەکانی جیهانی هەبووە، زانست، ٣٨٣:١٠٠٩-١٠١٤ (٢٠٢٤).

٨٦ لۆرائی کۆندۆن و هاوکارانی، هەڵمژینی ئاوی ژێر زەوی کەمدەکاتەوە لە ژێر کاریگەری گەرمبوون و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی یەکگرتوودا، پەیوەندییەکانی سروشت، ١١(٨٧٣) (٢٠٢٠).


٨٧ کیڤن ئی ترێنبێرت، گۆڕانکاری لە بارانبارین لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا، توێژینەوەی کەشوهەوا، ١٢٣:٤٧-١٣٨ (٢٠١١).

نەخشەی ٤: ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری بوونەتەوە لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوو دا بەپێی ناحیە




نزیکەی هەموو شوێنەکان (٪٩٩) کەمبوونەوەی بارانبارینیان وەک هۆکاری کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری بەردەست هێناوەتەوە. هۆکارە باوەکانی دیکەش بریتیین لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان/ چڕبوونەوە و زیاتربوونی کاری کشتوکاڵ و تێچووی تانکەری ئاو. جێی ئاماژەیە، تەنا لەسەدا ٣ی شوێنەکان گۆڕانی کەشوهەوایان وەک هۆکاری کەمبوونەوەی بارانبارین خستووەتەڕوو. ئەمەش ڕەنگە ڕەنگدانەوەی سنووردارایەتی ئاستی هۆشیاری بێت سەبارەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر دابینکردنی ئاوی ئاودێری.

شێوەی ٥: هۆیەکانی کەمبوونەوەی سەرچاوە بەردەستەکانی ئاوی ئاودێری




لە پارێزگای هەولێر، کەمبوونەوەی بارانبارین هۆکاری سەرەکی بووە کە ئاماژەی پێکراوە (٪٩٨ی شوێنەکان). لە پارێزگای سلێمانی، کۆمەڵێک هۆکاری فراوانتر ئاماژەیان پێکرا، لەوانەش: کەمبوونەوەی بارانبارین (٪١٠٠ی شوێنەکان)، گەشەی دانیشتوان/چڕبوونەوە و زیاتربوونی کاری کشتوکاڵ (٪٦٤)، تێچووی تانکەرەکانی ئاو (٪٣٤)، شکاو یان ناکارامەی ژێرخانی ئاو (٪٢٨) و خراپ بەکارهێنان و ئیستغلالکردنی ئاوی ژێر زەوی (٪١٦).

گەشەی دانیشتوان/چڕبوونەوە و زیاتربوونی کاری کشتوکاڵی لە حەوت ناحیە لە پارێزگای سلێمانی تیشکی خرایە سەر، ئەوانیش ئاغجەلار (٪١٠٠ی شوێنەکان)، سەنگاو (٪١٠٠) و شۆڕش (٪١٠٠) لە قەزای چەمچەماڵ؛ خورماڵ (٪١٠٠) لە قەزای هەڵەبجە؛ کوڵەجۆ (٪١٠٠) لە قەزای کەلار و بازیان (٪١٠٠) و بەکرەجۆ (٪٥٠) لە قەزای ناوەندی سلێمانی.

هەروەها، ناحیەی بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی و ناحیەی پیرەمەگرون لە قەزای دۆکان تێچووی تانکەرەکانی ئاویان وەک هۆکارێک هێنایەوە کە ڕۆڵی هەبووە لە کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری بەردەست.

پێدەچێت تێکچوون و خراپبوونی ژێرخانی ئاوی یان ناکارامە بوون لە ناحیەی شۆڕش لە قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکان بن.

لە کۆتاییدا، خراپ بەکارهێنان و ئیستغلالکردنی ئاوی ژێر زەوی ڕۆڵی هەبووە لە کەمبوونەوەی ئاوی ئاودێری لە چوار ناحیە دا: ناحیەی ناوەندی چەمچەماڵ لە قەزای چەمچەماڵ، ناحیەی ناوەندی هەڵەبجە لە قەزای هەڵەبجە، سیتەک لە قەزای شارباژێڕ و تانجەرۆ لە قەزای ناوەندی سلێمانی.

# کار و کاسبی بژێوی ژیان

ئەم بەشە سەرەتا کار و چالاکییە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی بژێوی لە هەر شوێنێکدا لەبەرچاو دەگرێت. وەک بەشێک لەم شیکارییە، بژێوی ژیان وەک هەستیار بە کەشوهەوا پۆلێن کرا ئەگەر ڕاستەوخۆ پشت بە زەوی، ئاو یان باخداری و ڕەزگەری و دارستان ببەستێت. بە تایبەتی کشتوکاڵی بازرگانی، کشتوکاڵی بچووک، بەخێوکردنی ئاژەڵ، بەخێوکردنی پەلەوەر، ئاژەڵداری وەرزی و کۆچەریی، دارستان، ماسیگرتن و کێڵگەی ماسی بەخێوکردن هەموویان بە بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا دادەنران.


پاشان، هەڵسەنگاندنەکە تێڕوانینی بۆ کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئەم کار و کاسبی بژێوی ژیانانە کرد. پرسیار لە زانیاریدەرانی سەرەکی کرا کە ئایا بژێوی ژیان کاریگەری نەرێنی لەسەر هەبووە بووە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ژینگە لە ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا. بۆ تێگەیشتن لە دەرئەنجامە کۆنکرێتییەکانی ئەم گۆڕانکاریانە، ئامرازەکە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوە کردووە کە ئایا لە ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا یان لە وەرزی کشتوکاڵی ڕابردوودا، خێزانەکان تووشی لەدەستدانی بەرهەمی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان بوون، یان تووشی مردنی ئاژەڵ یان کەمبوونەوەی بەرهەمی ماسیگرتن بوون بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکانەوە. لە کۆتاییدا، زانیاریدەرانی سەرەکی ئاماژەیان بە ڕێژەی ئەو خێزانانە کرد کە لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ماسیگرتنیان وەک سەرچاوەی بژێوی ژیان بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکانەوە وازلێهێناوە. وەڵامەکان لەسەر بنەمای ئەم جۆرانە بوو: 'زۆربەی یان هەموو خێزانەکان (٧٦-١٠٠٪)'، 'زیاتر لە نیوەیان (٥٠-٧٥٪)'، 'نزیکەی نیوە (٢٥٪-٤٩٪)'، 'هەندێک خێزان (١ ٪-٢٤٪)' یان 'هیچیان.

باوترین کەرتەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق بریتین لە کاری نافەرمی یان کاری ڕۆژانە (٨٦٪)، دامەزراو لە کەرتی گشتی (٧٣٪)، پەروەردە (٦٣٪)، بازرگانی بە تاکو بە کۆ (٥٩٪) و گواستنەوە و گەیاندن (٤٥٪). نزیکەی یەک لەسەر سێی شوێنەکان ئاماژە بە کاری کشتوکاڵی بچووک (٣٧٪) و بەخێوکردنی ئاژەڵ (٣٣٪) وەک بژێوی سەرەکی دەکەن. لەپاڵ ئەوەش، تۆزێک کەمتر لەوە، لە دە شوێن، لە دووانیان (١٨٪) بەشداری کاری کشتوکاڵی بازرگانی دەکەن. کەمینەیەک لە شوێنەکان ئاماژەیانکرد بۆ ماسیگرتن، کێڵگەی ماسی بەخێوکردن، باخداری و ڕەزگەری و دارستان و هاتووچۆ و گواستنەوە لە نێو بژێوی سەرەکییان. بەو پێیەی زانیارییەکانی بژێوی ژیان لە ئاستی شوێنەکەدا کۆکراونەتەوە، ژمارەکان لەڕووی جیاکردنەوەی ڕەگەز و تەمەن لەبەردەستدا نین.


بەگشتی، خێزانەکان لە نزیکەی لە دوو لەسەر پێنجی شوێنەکان (٤٣٪) پشت بە کاروکاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا دەبەستن، بە بەراورد لەگەڵ زیاتر چوار لەسەر پێنجی شوێنەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق هەڵسەنگێندراون و پشت بە کار و کاسبی بژێوی هەستیار بە کەش و هەوا دەبەستن. لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پشک و رێژە و ئاستی ئەو شوێنانەی کە وابەستەن بە کار و کاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا بەپێی پارێزگاکان دەگۆڕێت. پارێزگای دهۆک زۆرترین پشکی ئەو شوێنانەی هەیە کە خەریکی کار و کاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوان بە ڕێژەی ٦٦٪، لە دوای ئەویش پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی ٤٣٪ و سلێمانی بە ڕێژەی ٣٤٪ دێت. لە پارێزگای دهۆک، قەزا سەرەکییەکانی کە کار کاسبی هەستیار بە کەش و هەوایان تێدایە و هاوڵاتییەکانی ئەو کار و پیشە هەستیار بە کەش و هەوا ئەنجامدەدەن بریتین لە ئامێدی (١٠٠٪ی شوێنەکان)، سێمێل (٨٠٪) و زاخۆ (٧١٪). لە پارێزگای هەولێر، قەزای شەقڵاوە (١٠٠٪ی شوێنەکان)، مێرگەسۆر (١٠٠٪) و مەخمور (٨٧٪) قەزای سەرەکین کە ئەو هاوڵاتییەکانی ئەو کارو کاسبی بژێوی هەستیار بە گۆڕانی کەش و هەوا ئەنجامدەدەن. لە پارێزگای سلێمانی قەزا سەرەکییەکانی کار و کاسبی بژێوی هاوڵاتییەکانی هەستیارین بە کەش و هەوا بریتین لە شارباژێڕ (١٠٠٪ی شوێنەکان)، پشدەر (١٠٠٪)، دۆکان (٦٣٪) و چەمچەماڵ (٥١٪). خێزانەکان لە نزیکەی هەموو شوێنێکی گوندنشین کە هەڵسەنگێندراون بەشداری ئیش و کار و پیشەیەکی هەستیار بە کەشوهەوا دەکەن (<٩٩٪ی شوێنەکان)، هەرچەندە ئەو کەمینەی کە لە شوێنەکانی شارییەکان دان و کار و پیشەی هەستیار بە کەش و هەوایان هەیە لە (١٧٪)ن.

جیاکردنەوەی بەپێی ئیش و کار چالاکییە تایبەتەکانی کار و کاسبی بژێوی، پشکێکی زیاتری شوێنەکان دەکەونە پارێزگای دهۆک، بەبەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی کە سەرقاڵی ئیش و کاری کشتوکاڵی بچوکن (٦٢٪ بەرانبەر بە ٣٥٪ و ٢٩٪، بۆ دهۆک بەرانبەر بە هەولێر و سلێمانی)، ئاژەڵداری (٦٠٪ بەرانبەر ٣٢٪ و ٢٤٪، بەهەمان ڕێزبەندی هەر سێ پارێزگاکە) و کشتوکاڵی بازرگانی (٢٩٪ بەرانبەر ١٠٪ و ١٨٪)، دیسان بە هەمان ڕیزبەندی دهۆک بەرانبەر بە هەولێر و سلێمانی). بەڵام لەڕووی باخداری و ڕەزگەری و دارستانەوە، لە سلێمانی و بە تایبەتی لە قەزاکانی پشدەر و شارباژێڕ و ئاژەڵداری وەرزی و کۆچەریی کەمێک لە هەولێر زیاترە.

شێوەی ٦: ئیش و کارە سەرەکییەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان بەپێی ڕێژەی سەدی شوێنەکان



شێوەی ٧: ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە کار و پیشە و چالاکییەکانیان بەرانبەر بە کەش و هەوا هەستیارن لەنێو سەرەکیترین کاروکاسبی و بژێوییەکان بەپێی پارێزگا و قەزا





## کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا لەسەر کار و کاسبی و بژێوی ژیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر کار وکاسبی بژێوی ژیانی هەبووە لە یەک لەسەر دەی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان. بەڵام لەو شوێنانەی کە کار و کاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا لەنێو ئیش و کار و چالاکییە سەرەکییەکاندایە، ئەم ڕێژەیە بۆ لەسەدا ٢٠ بەرز دەبێتەوە.

وێڕای بەربڵاوی زیاتری کار و کاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا لە پارێزگای دهۆک، گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریی زیاتری لەسەر کار و کاسبی بژێوی ژیان لە پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانی هەبووە، بە بەراورد بە دهۆک. بە تایبەتی کە زانیاریدەرانی سەرەکی لە سەدا ١٤ی شوێنەکانی هەولێر و لەسەدا ١١ لە سلێمانی گوتیان گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو کاروکاسبی بژێوی سەرەکیانەی ئەو شوێنانە هەبووە لە ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا. هیچ زانیاریدەرێکی سەرەکی لە دهۆک باسی ئەوەی نەکرد کە گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەری خراپی لەسەر کار وکاسبی بژێوی ژیان هەبووە.


لەسەر ئاستی قەزاکانیش، گۆڕانی کەشوهەوا بەربڵاوترین لێکەوتەی بۆ سەر کارو کاسبی بژێوی ژیان لە قەزای شارباژێڕ (١٠٠٪ی شوێنەکانی زیانلێکەوتوو بوون) لە پارێزگای سلێمانی و، لە قەزای شەقڵاوە (٨٠٪) لە پارێزگای هەولێر هەبووە. جگە لەو قەزایانەش، گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری لەسەر کاروکاسبی و بژێوی ژیان لە ناحییەکان هەبووە، لە ناحییە دیارەکانی کە زیانیان بەرکەوتووە بریتین لە ڕەواندوز (١٠٠٪ی شوێنەکان) لە قەزای سۆران و گوێر (٨٠٪) لە قەزای مەخمور، هەردووکیشیان لە پارێزگای هەولێرن، لەگەڵ ناحیەی تەکیە (١٠٠٪) لە قەزای چەمچەماڵ، خورماڵ (٨٠٪) لە قەزای هەڵەبجە و بازیان (٦٦٪) لە قەزای ناوەندی سلێمانی.

نەخشەی ٥: ڕێژەی سەدی ئەو ناحیانەی کە گوتیان کاروکاسبی بژێوی ژیانیان بەشێوەیەکی نەرێنی بەر کاریگەری گۆڕانی کەش و هەواو و ژینگە کەوتووە لەماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوو دا




ئەو کاروکاسبی و بژێویانەی کە باسدەکرێن زۆرترین ئەگەری کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەر بێت، ئەوانەن کە پشت بە زەوی، ئاو یان دارستانەکان دەبەستن. بە تایبەتی، یەکی لەسەر سێی ئەو شوێنانەی کە خەریکی دارستان بوون ئاماژەیان بەوە کردووە کە بژێوی ژیانیان کاریگەری خراپی لەسەر هەبووە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا، دوای ئەویش، کشتوکاڵی بازرگانی (٪٣٢)، بەخێوکردنی پەلەوەر (٪٢٦)، کشتوکاڵ و جووتیاری بچووک (٪٢١) و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ئاژەڵداری (٪١٨).

شێوەی ٨: ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە خێزانەکان تووشی لەدەستدانی بەرهەم و بەروبووم، مردنی ئاژەڵ یان کەمبوونەوەی بەرهەمی ماسیگرتن بوون بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکان لەماوەی ١٢٠ ڕۆژی ساڵی ڕابردوودا، یان لەماوەی وەرزی کشتوکاڵی دا بەپێی پارێزگا و قەزا





لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا یان وەرزی کشتوکاڵدا، مەڕو ماڵات و بەرهەم و دانەوێڵە لە نزیکەی لە یەک لەسەر شەشی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان دا کەمیکردووە (١٦٪). لە نێوان ئەو شوێنانەی کە خەریکی کاروکاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا بوون، زیاتر لە یەک لەسەر سێ (٣٧٪)یان زیانەکانی باسی دروستبوونی زەرەر و زیانیان کردووە کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە بووە. لەو شوێنە گوند نشینیانەی کە خەریکی کاروکاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا بوون، ئەو زیانانەی کە باسکران ڕێژەکەی بۆ لە ٤٥٪ بەرزدەبێتەوە.

لەسەر ئاستی پارێزگاش، هەولێر زۆرترین پشکی هەبووە لەو شوێنانەی کە باسی کەمبوونەوەی بەرهەم و بەروبوومیان کردووە بە ڕێژەی ٢٩٪، لە دوای ئەویش پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی ١٥٪ دێت. لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوو یان وەرزی کشتوکاڵدا هیچ خێزان و خانەوادەیەکی شاری دهۆک ڕووبەڕووی زیان پێگەیشتن بە بەروبووم و بەرهەم بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا نەبوونەتەوە لەماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا.

پێدەچێت قەزای شارباژێڕ (١٠٠٪ی شوێنەکان) لە پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی شەقڵاوە (٨٠٪) و مەخمور (٧٤٪) لە سنوری پارێزگای هەولێر بە تایبەتتر کاریگەری ئەم بابەتەیان لەسەر بێت. جگە لەو قەزایانەش، ناحییەکانی ڕەواندوز (١٠٠٪) لە قەزای سۆران، کوڵەجۆ (١٠٠٪) لە قەزای کەلار و ئاغجەلار (٩١٪) لە قەزای چەمچەماڵ زیانێکی بەرفراوانیان بەرکەتووە لەم ڕووەوە.

ئەو شوێنانەی کە خێزانەکان خەریکی بەخێوکردنی پەلەوەر (٦٥٪)، ئاژەڵداری وەرزی (٦٠٪) و جوتیاری بازرگانی (٤١٪) زۆرترین ئەگەری کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانیان و بەروبوومەکانیان لەسەر بووە.

شێوەی ٩: ڕێژەی سەدی ئەو شوێنانەی کە خێزانەکان کشتوکاڵ/بەخێوکردنی ئاژەڵ/ماسیگریان وەک سەرچاوەی بژێوی ژیان وازلێهێناوە بەهۆی هۆکارە ژینگەییەکان لەماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا بەپێی قایمقامیەت و قەزا



لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا، لانیکەم هەندێک لە خێزانەکان وازیان لە کشتوکاڵ، بەخێوکردنی ئاژەڵ یان ماسیگری هێناوە لە نزیکەی یەک لەسەر حەوتی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکان (١٣٪). بە فلتەرکردن لەسەر ئەو شوێنانەی کە خێزانەکان کاروکاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوایان تێدا هەیە، لە زیاتر لە چارەکێکی (٢٨٪) ئەو شوێنانە لانیکەم هەندێکیان وازیان لە کار و پیشەکانیان هێناوە. وازهێنان بە تایبەتی لە پارێزگای هەولێر زۆر بوو، لە سێیەکی ئەو شوێنانەی هەڵسەنگێندراون، بە تایبەتی لە قەزاکانی مەخمور (٩١٪) و شەقڵاوە (٨٠٪)، وازهێنان لە کار و کاسبی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا بەربڵاوبوون. هەروەها، لە سەدا ٧ی شوێنە هەڵسەنگێندراوەکانی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بە وازهێنان کرا، دیارترینیان لە قەزای شارباژێر (١٠٠٪ شوێنەکان). وەک کاریگەرییەکانی دیکەی پەیوەست بە کەشوهەوا لەسەر بژێوی ژیان، هیچ زانیاریدەرێکی سەرەکی لە پارێزگای دهۆک باسی وازهێنانی لە ئیش و کار و کاسبی هەستیار بە کەش و هەوای نەکرد.

لەسەر ئاستی ناحیەش، کێشەکە بە تایبەتی لە ناحییەکانی گوێر، ناوەندی مەخموور و قەراج لە قەزای مەخموور و هەریر لە قەزای شەقڵاوە هەبوو، کە هەموویان لە پارێزگای هەولێرن و تیایاندا زیانەکانی وازهێنان لە کار و کاسبی و بژێوی هەستیار بە کەش و هەوا زیاتر بوو. لەم ناحیانەدا، نزیکەی نیوە یان زیاتر لە نیوەی خێزانەکان لە زۆربەی شوێنەکاندا ئەم بە تەواوی وازیان لە کار و پیشەکانیان هێناوە.

## ستراتیژیەتەکانی خۆگونجان و ڕووبەڕووبوونەوە[٨٨]

ئەم بەشەی ڕاپۆرتەکە ئەوە لەبەرچاودەگرێت کە ئایا خێزانەکان/ماڵەکانی شوێنی هەڵسەنگێندراو هیچ ستراتیژییەکی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر بەرانبەر بە هۆکارە ژینگەییەکان لەماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا. ئینجا لە ستراتیژییە تایبەتانەی خۆگونجاندن ڕووبەڕووبوونەوە دەکۆڵێتەوە، کە لە هەمەچەشنکردنی ئیش و کار و چالاکییەکانی بژێوی ژیانەوە دەست پێدەکات تا کەمکردنەوەی قەبارەی ژەمەکان و دەرهێنانی منداڵان لە قوتابخانە.


لە سەدا ١٢ی شوێنەکان، خێزانەکان ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر بەرانبەر بە هۆکارە ژینگەییەکان لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا. باوترین ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە پاراستنی ئاو بووە، کە نزیکەی هەموو ئەو شوێنانە گوتیان کە خێزانەکان ئەم جۆرە ستراتیژیانەیان گرتۆتەبەر. هەروەها، لە کەمینەیەکی کەمی شوێنەکاندا، خێزانەکان کار و پیشە و چالاکییەکانی کار و کاسبی بژێوییان هەمەچەشن کردووە (٤٪ی شوێنەکان کە ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر)، ئیش و کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکانیان گۆڕیووە (٣٪) یان ئەندامانی خیزانەکەیان نارد بۆ شوێنێکی دیکە بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن (١٪).

هەرچەندە هۆکارە ژینگەییەکان کاریگەرییەکی بەربڵاوتریان لەسەر کاروکاسبی بژێوی ژیان لە هەولێر هەبوو، بەڵام گرتنەبەری ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە بە ئاست لە سلێمانی زیاتر باو بووە (١٩٪ سلێمانی بەرانبەر بە ٦٪ لە هەولێر). لەسەر ئاستی قەزاکانیش، بەشێکی زیاتری شوێنەکان لە دۆکان (٥١٪)، کەلار (٤٣٪)، دەربەندیخان (٢٠٪) و قەزای ناوەندی سلێمانی (١٩٪) لە پارێزگای سلێمانی ئەو ستراتیژیەتانەیان گرتۆتەبەر، هەروەها قەزای شەقڵاوە (٨٠٪) لە پارێزگای هەولێر، باسی بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان کردوو. هەروەها، لە هەموو شوێنەکانی ناحیەی ڕەواندوزی قەزای سۆران، خێزانەکان خەریکی گرتنەبەری ئەم ستراتیژیانە بوون.

لەرووی ژمارە و جۆراجۆرەیتی ستراتیژیەتەکان، پێدەچێت خێزانەکانی پارێزگای هەولێر کەمێک زیاتر ستراتیژیەتەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتبێتە بەر بە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی. لە کاتێکدا هەموو شوێنەکان باسیانکرد دا کە خێزانەکان دەست بە ئاووە دەگرن، هەروەها کار و چالاکییەکانی بژێوییان لە لە سەدا ٢٩ی شوێنەکاندا هەمەچەشن کردووە و ئیش و کار و چالاکییە کشتوکاڵییەکانیان لە سەدا ٢١ی شوێنەکاندا گۆڕیوە. لەبەرانبەردا خێزانەکانی سلێمانی بەشێوەیەکی زیاتر لە هەولێر ستراتیژیەتی دەست گرتن بە ئاویان بەکارهێناوە.

سەرەڕای کاریگەرییە نەرێنییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر کاروکاسبی بژێوی ژیانی هاوڵاتیانی پارێزگای هەولێر، ژمارەیەکی کەم لە شوێنەکان خێزانەکان ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر، لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەک ستراتیژییش بەکارهێنراو (زیاتر لە ستراتیژیەتێکی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەکارهێناوە)، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە خەڵکی هەولێر باشتر توانیویانە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەدا بگونجێنن وەک لە سلێمانی.

شێوەی ١٠: ستراتیژیەتەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە




٨٨ ئەم ڕاپۆرتە ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە بەکاردەهێنێت: 'کردەوەیەک کە هاوڵاتیان و تاکەکان لەناو خێزانێک/ماڵێک ئەنجامیدەدەن کاتێک شتێکی شوکهێنەر، وەک کارەساتی سروشتی و ئاڵۆزی و شەڕ وململانێ، بەجۆرێک پاڵیان پێوە دەنێت، دەیانباتە سەرووی ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتی ئاسایی.' لە نائاسایشی خۆراک، لێرەدا ڕێبازێکی فراوانتر و فرە کەرتیی وەرگیراوە. ئۆکسفام، پێوانەکردنی فشاری ماڵان: ناساندنی پێوەرەکانی ستراتیژیەتی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی فرە کەرت بۆ ئەفغانستان، ئۆکسفام (ئەفغانستان، ٢٠١٨).

# گرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی و ململانێ

ئەم بەشە ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە تا چەند گرژی و ئاڵۆزی و توندوتیژی و ململانێ نێوان گروپەکان و چین و توێژەکان لەماوەی ١٢٠ ڕۆژی ڕابردوودا پەیوەندی بە سامانە سروشتییەکانەوە هەبووە. پاشان توێژینەوە لەوە دەکات کە کام سەرچاوە سروشتییەکان (بۆ نموونە، زەوی کشتوکاڵی، لەوەڕگەی لەوەڕاندن، ئاو، ئاژەڵداری و هتد) ڕۆڵیان لە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێو و ئەو گروپ و چین و توێژانە هەبووە.

زانیاریدەرانی سەرەکی لە ١٢ شوێن (١٪ی کۆی گشتی شوێنەکان) دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکان وەک بزوێنەری سەرەکی یان بزوێنەرێکی کاریگەر ڕۆڵی لە دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی یان ناکۆکی و ململانێ لە نێوان گروپ و چین و توێژەکان هەبووە.

زۆربەی ڕووداوەکانی گرژی و ئاڵۆزی یان ناکۆکی و ململانێ لەسەر سامانە سروشتییەکان لە ناحیەی بازیان و تا ڕادەیەکی کەمتر لە نەحیەی بەکرەجۆ تۆمارکراون و هەردووکیان لە پارێزگای سلێمانین. بە تایبەتی، لە یەک لەسەر چواری ئەو شوێنانە کە لە ناحیەی بازیان هەڵسەنگێندراون (٢٥٪) و لەسەدا ٥ ی شوێنەکانی ناحیەی بەکرەجۆ تووشی گرژی و ئاڵۆزی یان ناکۆکی و ململانێ بوون لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان. هیچ شوێنێک لە پارێزگاکانی دهۆک یان گرژی و ئاڵۆزی یان ناکۆکی و ململانێ پەیوەست بە سەرچاوەکان بەخۆیانەوە نەبینیووە.

تاکە سەرچاوەی ئەو جۆرە ناکۆکییانە زەوییە کشتوکاڵییەکان بوون. لە ناحییەکانی بازیان و بەکرەجۆ زۆرجار ڕووداوەکان لە نێوان دانیشتووان و خاوەن کارگەکاندا بوون،[89] بەتایبەتیش ئەو هاوڵاتیانەی کە ئەندامی هەمان گروپ و چین و توێژەکان کە هەمان کار وکاسبی بژێوییان دەکرد و ئەندامانی هەمان گروپی خێڵ و عەشیرەت بوون بەرانبەر بە خاوەن کارگەکان. لە شوێنەکانی تردا گرژی و ئاڵۆزی یان ناکۆکی و ململانێ لەسەر سامانە سروشتییەکان هەبووە کە لەنێو ئەندامانی هەمان گروپ و چین و توێژ و خێڵی خۆیان بووە. ئەم ڕووداوانە ئەوە دەردەخەن کە گرژی و ئاڵۆزی لەسەر ئاستی خۆجێی لەسەر بەکارهێنان و خاوەندارێتیکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان ڕوودەدات.

# ڕاسپاردەکان و بوار و لایەنەکانی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی زیاتر

ئەم هەڵسەنگاندنە زانیاری بنەڕەتی لەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی ژینگە لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق دەخاتە بەردەست. ئەمەش لەڕێگەی توێژینەوە و ووردبوونەوە لە کۆمەڵێک هۆکاری خراپبوون و بەرگەنەگرتنی کەش و هەوا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و، دانان و دیزانکردنی پڕۆژەگەلێک کە پاڵپشتی پێویستییەکانی ئەو بوارە دەکات. هەروەها، لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی زیاتر لە ٨٠٠ شوێن، ئەم توێژینەوەیە (هەڵسەنگاندنی خراپی کەش و هەوا (CVA) – Climate Change Assessment) ڕێگە بە بەراوردکردنی بارودۆخەکان دەدات لە سەرانسەری هەرێم دا، بۆیە، ئەمەش وادەکات بەرنامەسازی ئامانجدار بۆ ئەو شوێنانە بکرێت کە زۆرترین و بەهێزترین کاریگەرییەکانیان لەسەرە. لە کۆتاییدا، دەرئەنجامەکان تیشک دەخەنە سەر ئەو بوارە بابەتیی و جوگرافیانەی کە مایەی نیگەرانین و جێگەی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی زیاترن. تێڕوانینە سەرەکییە پڕۆگرامییەکان لە خوارەوە بە کورتی خراونەتەڕوو:

- **دەستڕاگەیشتن بە ئاوی ئاودێری:** ئەو ناوچانەی کە بە تەواوی پشت بە بارانبارین دەبەستن یان پشت بە تانکەری ئاو دەبەستن لەوانەیە پێویستیان بە پاڵپشتی هەبێت بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی ئاوی بەردەستیان. ئەمەش لە ناحیەکانی ناوەندی سێمێل لە قەزای سێمێل و ڕزگاری لە قەزای زاخۆ و بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی و خورماڵ لە قەزای هەڵەبجە و گوێر و ناوەندی مەخمور لە قەزای مەخمور دەگرێتەوە. هەروەها ناحیەی بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی و ناحیەی شۆڕش لە قەزای چەمچەماڵ پێویستیان بە هاوکاری هەیە بۆ نۆژەنکردنەوە یان پەرەپێدانی ژێرخانێکی باشتری ئاو. لە کۆتاییدا، لەو ناوچانەی کە خراپ بەکارهێنان و ئیستغلالکردنی ئاوی ژێر زەوی هەیە و تێچووی زۆری تانکەرەکانی ئاو خەریکە ئاوی ئاودێری کەمدەکاتەوە، وەکو ناحیەی بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی، پیرەمەگرون لە قەزای دۆکان، ناوەندی چەمچەماڵ لە قەزای چەمچەماڵ، ناوەندی هەڵەبجە لە قەزای هەڵەبجە، سیتەک لە قەزای شارباژێڕ و تانجەرۆ لە قەزای ناوەندی سلێمانی، پێویستە دەست تێوەردان و بەشداریکردن هەبێت بۆ پاراستن و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی ئاو.
- **کار و کاسبی بژێوی:** بەلەبەرچاوگرتنی بە زۆری و بەرزی ئاستی بەرهەمهێنانی لەدەستچوو و وازهێنان لە کار و کاسبی و بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا کە لە قەزاکانی شارباژێڕ، شەقڵاوە و مەخموور کە باسکران، ئەو خێزانانەی لەوێ نیشتەجێن لەوانەیە پێویستیان بە پاڵپشتیکردن هەبێت بۆ بەردەوامبوون یان هەمەچەشنکردنی کار و چالاکییەکان و کاسبی بژێوی ژیانیان. ناوچەکانی دیکەی جێگەی نیگەرانی بریتین لە ناحیەکانی ڕەواندوز لە قەزای سۆران، کوڵەجۆ لە قەزای کەلار، ئاغجەلار و تەکیە لە قەزای چەمچەماڵ، خورماڵ لە قەزای هەڵەبجە و بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی.
- **ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوە:** ئەو خێزانانەی کە ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن و ڕووبەڕووبوونەوەیان گرتۆتەبەر، لەوانەیە کێشەیان هەبێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی ژینگەیی. ئەمەش بە پلەی یەکەم لە قەزاکانی شەقڵاوە و دۆکان و کەلار و دەربەندیخان و ناوەندی سلێمانی و هەروەها ناحیەی ڕەواندوز ئاماژەی پێکرا. هەڵسەنگاندنی زیاتر پێویستە بۆ تێگەیشتن لەئاست و ڕادەی ئەو فشارانەی کە خێزانەکان تووشی دەبن تاکو یارمەتییەکان بەپێی پێداویستییەکانیان بێت و لەگەڵ پێویستییەکانیان بگونجێن.
- **گرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی و ململانێ:** ڕەنگە ناحیەی بازیان لە قەزای ناوەندی سلێمانی و، تا ڕادەیەکی کەمتر، بەکرەجۆ هەر لە قەزای ناوەندی سلێمانی، خورماڵ لە قەزای هەڵەبجە و شۆڕش لە قەزای چەمچەماڵ سوود لە پەرەپێدان یان بەهێزکردنی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی و گرژی و ئالۆزی و ململانێی پەیوەست بە کێشەی زەوی و زار وەربگرن.

## بوار و لایەنەکانی توێژینەوەی زیاتر

بەو پێیەی ئەم هەڵسەنگاندنە چەندایەتییە و لەسەر بنەمای شوێنە، داتا و زانیاری چۆنایەتی زیاتر و ژمارەیەکی زیاتر لەسەر ئاستی ماڵ و خێزان و تاک ڕەنگە ڕەوایەتیەکی زیاتر بە دەرئەنجامەکان بدات. بە تایبەتی، زانیاری زیاتر پێویستە لەسەر پرۆسەی خۆگونجاندن، لەوانەش گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە تایبەتانەی کە بەکارهێنراون و کاریگەرییەکانی ئەو خۆگونجاندانانە و ئەو ڕێوشوێنانە بەرانبەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر خۆشگوزەرانی خێزانەکان و تاکەکان دا هاتووە. ئەمەش بریتییە لە دەستنیشانکردنی هەر ستراتیژییەکی خۆگونجاندنی ئەرێنی، کە دەتوانێت بە باشترین شێوە پاڵپشتی لە پەرەپێدان و باشترکردنی کار و چالاکییەکان بکات. لەپاڵ ئەوەش دا، کاتێک خێزانەکان واز لە کار و کاسی بژێوی هەستیار بە کەشوهەوا دێنن، گرنگە تێگەیشتن هەبێت کە کار و کاسبی و بژێویان بەرەو کام کار و پیشە و چالاکی دەگۆڕدرێن بۆ ئەوەی لە داڕاشتنی بەرنامە و پڕۆگرامەکانی پەیوەست بە کار وکاسبی بژێوی پاڵپشتیان بکرێت. هەروەها، هەبوونی داتا و زانیارییە چۆنایەتی و لەسەر ئاستی تاکە کەسی دەتوانن ڕۆشنایی بخەنە سەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر گروپ و چین و توێژە پەراوێزخراوەکان، وەک ژنان، گەنجان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. لە کۆتاییدا، پێویستە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی زیاتر بکرێت لەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئەو کەرتانەی کە ئەم هەڵسەنگاندنەی ئێستا نەیگرتوونەتەخۆ، وەک کەرتەکانی تەندروستی و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان.

89 لەم حاڵەتانەدا، دەوترێت کارگەکان زەوی دانیشتووانیان بەکارهێناوە، هاوڵاتیەکانیش داوای قەرەبووکردنەوە یان کارکردنیان لە کارگەکاندا کردووە. ئەمەش گرژی و ناڕەزایەتی و داخستنی ڕێگاوبانەکانی لێکەوتەوە، بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی RART لە سلێمانی.

## ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق


iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

@IOMIraq


Foreign, Commonwealth & Development Office


ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) سوپاسی نووسینگەی دەرەوەی کۆمۆن وێلس بۆ گەشەپێدان دەکات هەروەها سوپاسی نووسینگەی دانیشتوان، پەنابەران و کۆچ (PRM) ی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ پاڵپشتییەکانیان.



© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٤

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.